Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.14

# ڕیالیزم لە کورتە ڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"ی فەرهاد پیربال دا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hoshang Deno Merk
hoshang.mirk@su.edu.krd

RECEIVED :07 /05/2025
ACCEPTED :08/07/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**هۆشەنگ دینۆ میرک** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**تانیا ئەسعەد محەممەدسالح** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕیالیزم،
کورتە ڕۆمان،
مولازم تەحسین و شتی تریش،
فەرهاد پیربال

**پوختە**

ئەم توێژینەوە باس لە باردۆخێکی ڕاستەقینە دەکات لە سەردەمێکی دیاریکراو لە شاری سلێمانی لە ڕێگای کورتە ڕۆمانێکی (فەرهاد پیربال)، کە بەرهەمێکی ڕیالیزمییە و باس لەو واقیعە دەکات، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیدا بوونی هەبوو. لەگەڵ خستنەڕووی جۆری ئەو ڕیالیزمیانەی کە لەم کورتە ڕۆمانەدا هەن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی واقیعی سەردەمێکی دیاریکراو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەوەی کە کۆمەڵگای کوردی ڕووبەڕووی چ نەهامەتی و ئازار و ئەشکەنجەیەک هاتووە، هەروەها خستنەڕووی خراپی باردودۆخی ئافرەتی کورد لەم سەردەمەدا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە ئەنجامی توێژینەوەکە بخرێتەڕوو، کە هەندێک لە پرسیارەکان بریتین لەمانە : ئایا ئەم بەرهەمەی پیربال ڕیالیزمییە؟ چ جۆر ڕیالزمییەک لەم بەرهەمەدا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئایا ڕۆماننووس توانیویەتی ناو نازناوی کارەکتەرەکان لە واقیعی کۆمەڵگا هەڵێنجێت؟. لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە خۆگرتووە، بۆیە سوود لە میتۆدی (وەسفی – شیکاریی) وەرگیراوە. فەرهاد پیربال لە کورتە ڕۆمانی "مولازم تەحسین و شتی تریش"دا بە شێوەیەکی ڕێکخراو توخمەکانی (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات)ی بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ڕاستەقینە لە ژیانی خەڵکی سلێمانی لە سەردەمی ڕژێمی بەعس. ئەم توخمانە یارمەتی خوێنەر دەدەن باشتر لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو قۆناغە تێبگەن.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1- پێشەکی:

ئاشکرایە ڕیالیزم وەک یەکێک لە ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان، زادەی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگایە، لەهەمان کاتدا داکۆکیکاری چینی خوارووی کۆمەڵگاشە، کە بە بەردەوامی لە ململانێدایە لەگەڵ چینی سەرووی کۆمەڵگا، بەهۆی پێویستی سەردەم لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئەم ڕێبازە سەری هەڵداوە، زوڵم و زۆری و چەوسانەوەیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە وایکردووە ئەدیبان و نووسەران دەست ببەن بۆ ڕێبازێکی نوێ، ئەویش ڕێبازی ڕیالیزمی بوو، نووسەران بە گرتنەبەری ئەم ڕێبازە دەستیانکرد بە وێناکردن و ڕەخنەگرتن لە باری ناهەمواری کۆمەڵگا لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە. هەروەها لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەم ڕێبازەوە هەوڵی ڕزگاربوونیان دەدا لە قاڵبی ڕێبازی کلاسیکی و ڕێبازی ڕۆمانتیکی، کە زیاتر لە دونیای خەون و خەیاڵدا دەژیان. ڕیالیزم هەوڵدەدات وێنای واقیع وەکو خۆی پیشان بدات؛ بە هەموو جوانی و ناشرینییەکانی و بە هەموو تاڵی و شیرینییەکانیەوە. بوونی ڕێبازێکی لەم شێوەیە بۆ کۆمەڵگای کوردیش پێویستییەکی گرنگ بوو، چونکە میللەتی کورد بە درێژای مێژوو لە ژێر چەوسانەوەو زوڵم و زۆرداریدا بووە، هەربۆیەش دەبینین بەرهەمی نووسەران و ئەدیبانمان مۆرکی ڕیالیزمیان پێوە دیارە، بە تایبەتی چیرۆک و ڕۆمان، کە هەر لەگەڵ لەدایک بوونیانەوە، ئەم دوو بەرهەمە بە ڕیالیزمی لەدایک بوونەو باس لەو واقیعیە دەکەن کە لە کوردستاندا هەیە ئینجا چ بە ڕاستەوخۆ بێت یاخوود بە ناڕاستەوخۆ.

ئەم توێژینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی "ڕیالیزم لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش"ە، لە دوو بەش و چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، هەوڵێکە بۆ وێناکردنی واقیعی ژیان لە سەردەمێکی دیاریکراو لە کوردستان بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس. وێناکردنی هەموو ئەو ڕووداو بەسەرهاتانەیە بە شێوەیەکی ڕیالیزمی و ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە ڕاستی و دروستی ئەم واقیعیەی کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا هەبوو. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی پراکتیکی واقیعی ڕووداوەکان و هەروەها واقیعی کارەکتەرەکان و شوێن و کات پراکتیزە کراوە.

**1-1 گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە:** گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵدراوە بەشێوەیەکی واقیعی لە ڕێگای ئەم کورتە ڕۆمانەی (فەرهاد پیرباڵ) کە باس لە ڕەنگدانەوەی دوو جۆری ڕیالیزم دەکات لەسەر کۆمەڵگای کوردی، کە لەگەڵ ناوەڕۆک و تێمای کورتە ڕۆمانەکەدا یەک دەگرنەوە، کە خۆیان دەبیننەوە لە ڕیالیزمی سیاسی و ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینەیی باسی بارودۆخ و سەردەمێکی دیاریکراوی شاری سلێمانی دەکات و خوێنەرانی کورد بەم واقیعیەی ئەوکاتی ئەم شارە ئاشنا دەکات.

**2-1 هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بە گرنگ زانراوە توێژینەوەیەک لەسەر ئەم بەرهەمەی فەرهاد پیرباڵ ئەنجام بدرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە کورتە ڕۆمانێکی تەواو ڕیالیزمی، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە باس لە بارودۆخ و ژیانی کۆمەڵگای کوردی دەکات لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیدا، کە ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و ئازاری زۆر بونەتەوە و لەو بەرهەمە ئەدەبیەدا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، کە ئەمەش هاندەرێک بووە، بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

**1-3- ئامانجی توێژینەوەکە:** بێگومان هەموو توێژینەوەیەک چەندین ئامانج و پاڵنەری هەیە کە پاڵیان بە توێژەر ناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لەوەی بە بەشداری پێکردنی کورتە ڕۆمانێکی فەرهاد پیرباڵ کە بەرهەمێکی ڕیالیزمییە، واقیعی سەردەمانێکی دیاریکراو لە کوردستان بخرێتەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەوەی کە کۆمەڵگای کوردی ڕووبەڕووی چ نەهامەتی و ئازار و ئەشکەنجەیەک هاتووە لە ڕابردوو.

**1-4- پرسیاری توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە، کە پرسیارەکان بریتی بوون لەوانە: ئایا ئەم بەرهەمەی پیرباڵ ڕیالیزمییە؟ چ جۆرە ڕیالزمییەک لەم بەرهەمەدا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئایا ڕۆماننووس توانیویەتی ناو نازناوی کارەکتەرەکان لە واقیعی کۆمەڵگا هەڵێنجێت؟ ئایا توانیویەتی لەم بەرهەمە ئەدەبییەیدا شوێنی واقیعی دەستنیشان بکات بۆ زیاتر ڕیالیزمبوونی بەرهەمەکەی؟ ئایا کات

ڕۆڵی هەیە لە ڕووداونی ڕووداو بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسانە لەم توێژینەوەیەدا بەرجەستە کراوە.

**1-5- گرفتی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی سیما و تایبەتمەندیەتی و جۆری ڕیالیزم لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)ـی فەرهاد پیربالدا، لە لایەکی ترەوە دیاریکردنی ئەو واقیعیەیە، کە لە نێو ئەو بەرهەمەدا خراوەتەڕوو.

**1-6 ڕێبازەکانی توێژینەوەکە:** لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە پەیوەستە بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی، هەر بۆیە پەیڕەوی لە میتۆدی (وەسفی - شیکاریی) کراوە، ئەمەش بە مەبەستی قووڵبوونەوە و تێڕامان و شیکارکردن و پراکتیزەکردنی دەقەکانی ناو کورتە ڕۆمانەکە.

**1-7- سنوری توێژینەوەکە:** وەک لە ناونیشانەکەیدا ئاماژەی پێکراوە و جێگیر کراوە، ئەم توێژینەوەیە لە سنوری ڕیالیزم ئەنجام دراوە، بۆیە توێژینەوەکەش بریتییە لە باسکردن لە ڕیالیزمی کورتە ڕۆمانێک، کە بەرهەمێکی ڕیالیزمیەو باس لە ڕاستەقینەیی سەردەمێکی دیاریکراو دەکات، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم بەرهەمە کار لەسەر ڕیالیزم کراوە.

**1-8- پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە جگە لە زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆرییە باس لەم چەمکانە دەکات: (پێناسە و چەمکی ڕیالیزم، مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە جیهاندا، ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی). بەشی دووەم پراکتیکییە، لە چوار تەوەرە پێکهاتووە: لە سەرەتای تەوەرەی یەکەمدا لایەنی تیۆری (ڕووداو) باس کراوە، ئینجا ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ناو کورتە ڕۆمانەکە بە نموونە وەرگیراوە و پراکتیک کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی (کارەکتەر) کراوە، دواتر بە شێوەیەکی پراکتیکی نموونەی ناو و نازناوەکانی کارەکتەرەکان وەرگیراوە و خراونەتەڕوو. لە تەوەرەی سێیەمدا سەرەتا باس لە لایەنی تیۆری (شوێن) کراوە، ئینجا باس لەو شوێنانە کراوە کە ڕاستەقینەن و ڕووداوەکانیان تێدا ڕوویداوە. لە تەوەرەی چوارەمیشدا لە سەرەتادا باسی (کات) کراوە بە شێوەیەکی تیۆری، دواتر پراکتیکی ئەوکاتانە کراوە، کە پیربال لە ناو کورتە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکردوون. لە کۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، لیستی سەرچاوەکانیش بەپێی ڕیزبوونی ئەلف و بێی کوردیی ڕیزکراون.

## 1-1: ڕیالیزم:

بێگومان پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ڕیالیزم، کە هەموو نوسەران و توێژەران لەسەری کۆک بن بوونی نیە، بەڵکو هەر نووسەر و لێکۆڵەرێک بە جۆرێک پێناسەی ئەم زاراوەیەی کردووە، لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو کە لەلایەن نوسەران و لێکۆڵەران بۆ ڕیالیزم کراوە. (عادل گەرمیانی) لە ڕووی سەرهەڵدانی ڕیالیزمەوە ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: ((ڕیالیزم لە لایەن فەلسەفەوە لە ئامێز گیراو، پاشان لە نێو هونەری شانۆو نیگار کێشاندا ڕەنگی دایەوەو، لە نێو باوەشی ئەدەبدا لە دایکبوو خرایە ڕوو)). ( گەرمیانی، ١٩٩٦، ل٤٢).

بەڵام (غیورغی غاتشیف) لە ڕووی سەرچاوەی دروست بوونی واقیع پێناسەی ڕیالیزم دەکات و دەڵێت: ((ڕیالیزم بریتییە لە سەر لە نوێ بەرهەمهێنانی واقیع لە شێوەی هەمان ژیاندا)). (غاتشیف، ١٩٩٠، ص٢٤٥). لەلایەکی ترەوە (د. فیصل دراج) وەک ڕێبازێک دەیناسێنێت، کە دوور لە خەیاڵ وێنای واقیع دەکات و ڕووی ڕاستەقینەی شتەکانی نێوانیان نیشاندەدات، هەروەک دەڵێت: ((ڕیالیزم ڕێبازێکە پشت بە عەقڵ دەبەستێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کەوا بەرەو لای عەقڵانیەت کەنار دەگرێ، قایلە بە تاقیکردنەوە و هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام لە ئەزموون دەدات، ڕێباز پیادە دەکات بە سەر کاروباری زانستی و هەوڵی پەردە هەڵماڵین لە نهێنی دەدات و پیشاندانی بە شێوەیەکی ڕاستیانە)). (دراج، ١٩٨٩، ص٢٣).

(عەبدولقادر)یش بەم شێوەیە باس لەو واقیعە دەکات، لە ڕێبازی ڕیالیزمدا بەرجەستە دەکرێت دوور لە دونیای خەیاڵ: ((مەبەست لە واقیع ئەوەیە، هەموو شتێک کە لە دەرەوەی خودی شاعیرەوەیە جا ئەو شتە مادە بێ یاخود کۆمەڵ بێ بە پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانیەوە یاخود ژینگە و ئاووهەوا، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ناو بازنەی

درک پێکردنی شاعیر یا هونەرمەندەوە)). (عەبدولقادر، ٢٠١٣، ل ١٣).
(کەریم شارەزا)ش هەمان بۆچوونی هەیە، پێی وایە، ڕیالیزم باسکردنە لە بابەتێک، کە چۆن لە واقیدا هەیە و دەبینرێت، نەک لە خەیاڵدا، بۆ نموونە دەڵێت: ((ڕیالیزم لە ئەدەبدا بریتییە لەوەی، کە هەموو شتێک چۆن دێتە بەرچاو، لە چ بار و وێنەیەکدا بێت بەو جۆرە دەربخرێت، بەبێ ئەوەی لە دەریای ئایدیالێزم وئەندێشەدا بخنکێنرێت)). ( شارەزا، ١٩٨٣، ل٩). پیشاندانی واقیع لە ڕیالیزمدا، بەو مانایە دێت، کە شتەکانی نێو ژیان بە چاک و خراپ بە دیاردەی جوان و دزێوەوە پیشان بدرێن، نەک تەنها باشەکان بخرێنەڕوو، لەم بارەیەوە (ڕاڵف فاکس) دەڵێت: ((ڕیالیزم بریتی نییە لە توانایی دەق بۆ نواندنی ڕەسەنایەتی یان نیشاندانی بەرواڵەت ڕێکو ڕاستی دیاردەکان لە ڕێگای وەسف کردنی بابەتیانە و وردبینانەوە، بەڵکو بریتییە لەوەی ئەو دەقە تا چەندە دەبێتە ئاوێنەی باڵانوێنی پەیوەندیگەلی بنەڕەتی مێژوویی، و گشتێتی چڕوپڕ )). (وێبستێر، ٢٠٠٦، ل١٣١ – ١٣٢). (حسێن سابیر عەلی)یش هەمان ڕای هەیە، وا ڕیالیزمان پێ دەناسێنێت، کە وێنەگرتنی واقیعە بە تاڵ و شیرینیەکانیەوە، ((ڕیالیزم ئەو وێنەیە دەکێشێت کە هەستی پێ دەکات، بەڵام لەبەر جوانییەکەی نا، بەڵکو لەبەر حەقیقەتەکەی، جا جوان بێت یاخود ناشرین)). ( عەلی، ٢٠٠٨، ل٨). هەروەها (د. محمد زکی عشماوی) سەبارەت بە پێناسەکردنی ڕیالیزم ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: ((هەوڵێکە بۆ وێناکردنی ژیانی ئاسایی مرۆڤ بە فراوانترین مانا و بە وردترین ڕاستگۆیی گونجاو)). (عشماوی، ١٩٨٠، ص١٧٧). (بیلینیسکی)ش بەم شێوەیە باس لە ڕیالیزم دەکات، ((دووبارە بونیاتنان و دروستکردنەوەی واقیعە لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەی کە واقیعەکە گرتویەتە خۆی)).(التکریتی،١٩٩٠، ص٢٢٥).
(جۆرج بیکە)ش لە ڕوانگەی بونیاد و فۆرمی ئەدەبی دەربارەی ڕیالیزم دەڵێت: ((بونیاتێکی هونەرییە بە شێوەیەک لە واقیع تێ دەگا و پاشان وێنەیەکی ناڕاستی پێشکەش دەکات)). (بکر، ٢٠٢٣، ل٩). واتە وێنەیەکی واقیعیە لە قاڵبی هونەریدا. هەروەها (د. عزالدین اسماعیل) لە کتێبی (الأدب و فنونە) پێناسەی ڕیالیزمی کردووە، دیارە لە ڕووی جیاوازی ئەم ڕێبازە لە گەڵ ڕێبازی ڕۆمانتیکی پێناسەی ڕیالیزمی دەکات و وای دەبینێت، کە خەیاڵ و فانتازیا خزمەت بە کۆمەڵگا ناکات، بەڵکو ئەوەی، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموونەکانیەوە درکی پێدەکات نەک خەون و خەیاڵ. هەروەک دەڵێت: ((ڕیالیزمەکان خەیاڵ و خەونەکانی ڕۆمانتیکیان بەجێهێشت و کەوتنە گەڕان بە دوای واقیعێکی هەست پێکراو، ڕیالیزمەکان هیچ باوەڕێکیان بە جیهانی سەروی هەستپێکراو نییە، بەڵکو، باوەڕیان بە ڕاستی و واقیعیەتی هەیە، کە لە ڕێگەی ئەزموونەکانەوە دەتوانین پێی بگەین)). (اسماعیل، ٢٠١٣، ص٣٠). فەڕەنسیەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕیالیزم لە سەر بنەمای ((ڕاستی دروستی پەیدابووە وە پەیوەستە بە تەوژمە فەلسەفیەکانی سەردەمی خۆی)). (مورینو، ١٩٩٨، ص٢٥٨). ڕیالیزم وەکو یەکێک لە ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەکان، کە لە تەواوی جیهاندا لە لایەن بەشێکی زۆر لە نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان پەیڕەوی لێ دەکرێت، ((ڕێبازی ئەدەبی کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای هونەرییە، کە ڕەخنەگر داوایان دەکات و نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا پێیانەوە پابەند دەبن. ئەدەب بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەبەستنەوە بە داخوازییەکانی سەردەم و تەوژمە هزرییەکانەوە)). (مصطفی و علي، ٢٠٠٠، ص٥٤).
هەندێک لەم پێناسانە تا ڕادەیەک لە یەکتری نزیکن هەندێکی تریش ڕوانگەیان جیاوازە بۆیە لەیەکتری دوورن، ئەوەی کە بۆ ئێمە ڕوون بۆتەوە لە ئەنجامی دانانی ئەم لێکدانەوانەی نوسەران ئەوەیە، ڕیالیزم ڕێبازێکە ئامانجی دەرخستنی سروشتە بەو شێوەیەی، کە هەیە دژی ئەوەیە حەقیقەت بشاردرێتەوە و پێچەوانەکەی پیشانی کۆمەڵگا بدرێت لە پێناو چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا، هەروەها بۆمان ڕوون بۆتەوە، کە ڕیالیزم پێچەوانەی ڕۆمانسیزم و کلاسیزمە دوور لە خەیاڵ و فانتازیا، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ مێژوو، بەڵکو سەیری ئێستایان دەکرد گرینگیان بە کێشە و تەنگ و چەلەمەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەدا، ڕێبازی ڕیالیزم وەک قوتابخانەیەک کاری لەسەر واقیعی کۆمەڵگا و بابەتەکانی دەوری مرۆڤایەتی دەکات، بەمەش زیاتر لە خزمەت مرۆڤایەتی دەبێت. چونکە وێنای واقیع دەکات، واقیعی تاڵ وشیرین، واقیعی جوان و ناشرین. بەشێوەیەکی گشتی خاڵی هاوبەشی پێناسەکان ئەوەیە، یەکەم: وەرگرتنی بابەتی واقیعە، دوور لە دونیای خەیاڵی و بابەتی خەیاڵی. دووەمیان: دارشتنی ئەو واقیعەیە لە قاڵبی هونەریدا، واتا دوور لە کۆپی کردنی واقیعەکە وەکو خۆی. بەڵکو وێناکردنی ئەو واقیعەیە لە قاڵبێکی هونەریدا.

### 2-1: مێژووی سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە جیهاندا:

ڕێبازە ئەدەبییەکان لە سەردەم و قۆناغی دیاریکراو پەیدابوونە و سەریان هەڵداوە، بارودۆخ وایکردووە هەریەکەیان لەم قۆناغە دیاریکراوەدا سەرهەڵبدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناتوانرێت سنور لە نێوانیاندا دابنرێت، (د. ئازاد عبدلواحید کەریم) دەڵێت: ((سەبارەت بە سەرهەڵدانی ڕێبازی ئەدەبی، هیچ ڕەخنەگرێک ناتوانێت مێژوویەکی ڕاستەقینە و دروست دەستنیشان بکات، بە هەمان شێوەش ماوەی لاوازبوون یان نەمانی هیچ ڕێبازێک نازانرێت، چونکە بەرهەمی ئەدەبی و تەنانەت ڕێبازەکان تێکەڵی یەکتر دەبن)). (کەریم، ٢٠٠٨، ل١٠). سەبارەت بە ڕێبازی ڕیالیزم هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا، بێ هۆ نەهاتۆتە ئاراوە، دیارە هۆکاری خۆی هەبووە، بارودۆخێکی تایبەت هێناویەتە ئاراوە ((بێگومان سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی هەر ڕێباز و قوتابخانەیەکی هزری، وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هونەری و ئەدەبین، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە بەشێک لەم کۆمەڵگەیانە پشکی شێری گۆڕانکارییەکانیان بەردەکەوێ، بەشێکی تریش کەم تا زۆر تۆ و ماکی ئەم گۆڕانکارییانە پێیانەوە دیارە، ئاشکرایە ڕیالیزم زێدەتر زادەی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەیە، ئەم چینەش لەگەڵ چینی سەرووی کۆمەڵگە لە ململانێدایە، لە هەمان کاتدا دەبێتە داکۆکی کاری چینی خوارەوەی کۆمەڵگە، هەر لە چوارچێوەی ئەم چینەشدا ڕیالیزم خۆی دەنوێنێ تاکەکانی سەر بە چینی ناوەڕاست و خوارەوەی کۆمەڵگە، ئەوانیش مەبەستیانە پشکیان هەبێت لە ململانێ و کێبڕکێ هزری و ئەدەبی و هونەری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا، لە هەمان کاتدا چیتر پەراوێز نەخرێن و نەکرێنە پاشکۆی چینی سەرەوەی کۆمەڵگە)). ( قادر،٢٠٢٢، ل٨٤ ).

یەکێک لەو هۆکارانەی، کە بە گرنگ دادەنرێت لەسەر هەڵدانی ڕیالیزم ئەوە بوو، کە ((پێش تێپەڕبوونی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، ئەوروپا کۆمەڵێک ڕێڕەوو تەوژم و بانگەوازی هزری و ئەدەبی بە خۆیەوە بینی، کە بریتی بوون لە هەوڵدان بۆ دەرچوون لەم کێشانەی تووشی ئەدەب و هزر هاتبوو لە سێبەری ڕێڕەوە ڕۆمانسییەکان، کە ئەدەبیان نقووم کردبوو لە خەوو خەیاڵی سۆزداری و ببوون بە هۆیەک بۆ دروستبوونی بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ئەدەب و واقیع، بەم هۆیەوە فەیلەسووفان و ئەدیب و هونەرمەندان بانگەوازیان دەکرد بۆ گەڕانەوەی ئەدەب بۆ باوەشی واقیع و وێنەگرتنی وردی دوور لە دەستی خەوو خەیاڵی نموونەیی)). (مصطفی و علي، ٢٠٠٠، ل٦٩). کاتێکیش کۆمەڵگا تووشی کارەسات و گۆڕانکاری و ڕووداوی سەخت دەبێتەوە، ئەگەر ئەم ڕێبازانەی کە هەنە نەتوانن جێگای ئەم ڕووداوانە بکەنەوە، ئەوا بێگومان ئەدیبان بەدوای سەرچاوەو ڕێبازی تری نوێدا دەگەڕێن کە توانای لەخۆ گرتنی ئەم ڕووداوانەی هەبێت، سەرەتایی سەدەی نۆزدەهەمیش کۆمەڵێک ڕووداو کارەساتی نا هەموار بەسەر ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتن، کە لەهەناوی ئەم ڕووداوانە ڕیالیزم وەکو ڕێبازێکی نوێ و تازە سەری هەڵدا و توانی وێناکردنی ئەم ڕووداوانە لە خۆی بگرێت،

دەکرێت بڵێین: جیاوازی چینایەتی و هەروەها گرینگیدان بە بارو دۆخی کۆمەلایەتی و هەست کردن بە نادادی کۆمەڵ هۆکار گەلێکن بۆ لەدایک بوونی ڕێبازی ڕیالیزم، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕەخنەگرتن و پەنجە خستنە سەر کەم و کوڕیەکان و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو. پاشان ڕیالیزم بەرەو جیهانی ئەدەبی کشا، (ڕینیە ویلک) دەڵێت: ((شیلەر و فریدریک شلیگل یەکەم کەس بوون، کە زاراوەی ڕیالیزمیان لە ئەدەبدا بەکارهێنا، شیلەر لە سالی ١٧٩٨دا ئاماژەی بەوەدا کە فەرەنسییەکان ڕیالیزم گەراین نەک میسالی)). (ویلیک، ١٩٨٧، ص١٨٥). (د. انطونیوس بطرس) لە بارەی ڕیالیزمەوە دەڵێت: ((ڕیالیزم لە سالی ١٨٢٦ لە فەرەنسا بەدەرکەوت و گرینگی دەدا بە ژیانی ڕۆژانەی خەلک و بە وردی وێنای دەکردن، بەلام ئەمە مانای ئەوە نادات کە ئەدەبیاتی عەرەبی و ئەوروپایی پێش ئەم بەروارە ڕیالیزمیان نەناسیبێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە چەمکەکانی ئەم قوتابخانەو ڕێبازە تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم ڕێکخراو ڕوون نەبوون)). (بطرس، ٢٠٠٥، ص٣٢٧). هەر لەم بارەیەوە د. فەرهاد پیربال دەڵێت: ((ڕێبازی ڕیالیزم بۆ یەکەمین جار لە فەرەنسا لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا دەستی پێکرد. بەڵام یەکەمین دامەزرێنەرانی ڕیالیزم ئەو نووسەرانە نەبوون، کە ئێمە ئەمرۆ دەیانناسین، بەڵکو چەند ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و نووسەرێکی پایە مامناوەندی بوون، وەک: شامپفلۆری، موورژێ ١٨٢٢ –١٨٦١ دوورانتی (سەرنووسەری گۆڤاری ڕیالیزم ١٨٥٦ – ١٨٥٧)، کە دژی ڕۆمانسیزم

و پەرناسەکان هەڵسا بوون و تەنانەت بۆ یەکەم جار هەر یەکێک لەو نووسەرانەش بوو (شامپفلۆری ) کە لە ١٨٤٣دا زاراوەی ڕیالیزمی بەکارهێنا)). (پیربال، ٢٠٠٤، ل٩٨). کەواتە دەتوانرێت بگوترێت ڕیالیزم وەکو ڕێباز لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدا و لە دوای ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە فەرەنسا بەدەرکەوت.

**3-1: ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی:**

نوێبوونەوە و گۆڕانکاریی لە شیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، بە تایبەتی لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی ١٨١٥-١٨٩٨)دا بەرچاو دەکەوێت، حاجی دوای ئەوەی، کە دەچێتە ئەستەنبول و لەوێ لە نزیکەوە ئاگاداری ئەدەبیاتی تورکی دەبێت و هەست دەکات، کە ئەدەبی کوردی پێویستی بە گۆڕانکاری و نوێ بوونەوە هەیە، پێویستی بەوەیە، لەو قاڵبە بێتە دەرەوە، کە هەر باس لە زولفی یار و مەی و خۆشەویستی و ...هتد دەکات، بەڵکو پێویستە گرنگی بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و باری ناهەمواری ژیانی خەڵکی بدرێت، بە شێوازێکی واقیعی لە شیعرەکاندا بەرجەستە بکرێت. ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨) لەبارەی حاجی قادری کۆییەوە لە یەکێک لە ژمارەکانیدا دەنوسێت و دەڵێت: ((حاجی قادر وتمان شاعیرێکی بێ نەظیری کوردە، شیعرەکانی زۆر موتەجەدیدانەیە خۆی (غایات) میللەت پەروەرە. وەک شاعیرەکانی تر بە زولف و(خالەوە) خۆی خەریک نەکردووە، هەر لەگەڵ ئیجتماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری ڕابواردووە)). ( سابیر، ٢٠٠٦،ل١٩). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حاجی لە شیعرەکانیدا زیاتر باسی لە ژیان و گوزەرانی میللەتەکەی کردووە و بە شێوازێکی واقیعی.

بەشێوەیەکی گشتی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەستی پێکرد و بەرە بەرە گەشەی سەندووە. هەریەکە لە ئەدەبی ڕۆژئاوایی و عەرەبی و تورکی، هەروەها بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد ڕۆڵی گرینگیان هەبوو لە پەیدابوونی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا ڕوویدا، لە ئەنجامدا هەندێک نەتەوە مافی ئەوەیان پێدرا، کە ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، هەروەها نەتەوە ژێردەستەکانیش لەم نێوەندەدا هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانی خۆیان دەدا. نەتەوەی کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەک هەوڵی خۆی دەدا بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی، ((ئەو هەموو ڕووداو کارەسات و بەرخودانەی لە ژیانی سیاسیی میللەتی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتە کایەوە بووە کەرستەیەکی بە پێز بۆ شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنووس...هتد، کە هەوڵبدەن لە ڕوانگە و بینینی خۆیان چی وەکو خۆی لای هەندێکیان یان ئەوەتا هەندێکیان ئەو بابەتانەیان تێکەڵ بە خەیاڵ و فانتازیا دەکرد و ئومێدی ئایندەیەکی جوانتر و گەشتتر لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دەدایەوە، ئەگەرچی ڕەگ و ریشەی ڕیالیزم بەو واتایەی، کە نووسەر یان هونەرمەند بەرهەمەکەی پەیامداری تیابێت یان بە واتایەکی دی ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارەکانی زۆرینەی کۆمەڵ بێت لە زۆر زووەوە لە تێکستی ئەدەبی و بە تایبەتی شیعری شاعیرانی کلاسیزمی کوردیدا بەدی دەکرێت، لە چوارینەکانی (بابە تاهیر هەمەدانی ٩٣٥- ١٠٢٧؟)یەوە تاوەکو شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی (١٨١٥ – ١٨٩٧ )و شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستەم لای زۆر شاعیر ڕەگ و ریشەی ڕیالیزم بەدی دەکرێت، بەڵام وەکو ڕێبازێکی ئەدەبیی و هونەریی تەواو بە پێوانەی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕووی کات و شوێنەوە ناشێ بیانخەینە چوارچێوەی ئەو ڕێبازە)). (حوسێن، ٢٠٠٧، ل١٦٩).

لەم ماوەیەدا چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دروست بوون، هەر یەکەو بە شێوازێک هەوڵی بە دەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکەی دەدا، هاوکات دەزگاکانی چاپەمەنی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی کە یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ نووسەران و دەرگایەکی بە ڕوودا کردنەوە تا بەرهەمەکانیان بە چاپ بگەیەنن، ئەدەبی کوردیش لەم نێوەندەدا بە ئاراستەی خەباتە سیاسییەکە بەرەو پێش دەچوو، بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، واتە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دەکرێت بە ماوەی سەرهەڵدانی ڕێبازی تازە دابنرێت لە ئەدەبی کوردیدا. ( د. عزالدین مصطفی رسول) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەو ماوەیەی کە جەنگی جیهانی یەکەمی تێدا بوو سەرەتای ونبوونی کلاسیکە لە ئەدەبی کوردی، بەڵام ماوەی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەم تەنانەت دوای جەنگی جیهانی دووەمیش ماوەی دەرکەوتن و پەرەسەندنی قوتابخانە ئەدەبییەکان و گەرمبوونی ململانێیە لە نێوانیاندا، قوتابخانەی ڕیالیزمیش بنەماکانی پتەوتر بوو لە ئەدەبی کوردیدا)). (رسول، ٢٠١٠،ص٨١-٨٢).

ڕیالیزم یەکێکە لەو ڕێبازە گرینگانەی، کە کورد زۆر پێویستی پێی بووە، چونکە کورد خاوەنی مێژوویێکە، کە پڕە لە مەینەتی و ئازار و ناخۆشی و هەژاری و دەربەدەری و ماڵوێرانی، هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتی و ماندوویەتی دەستی ژیانی شوانکاری و کشتوکاڵی، کە هەموو ئەوانە دەتوانرێت لە ڕێبازێکی وەکو ڕیالیزم دەرببڕدرێت، ئینجا لە ڕێگای شیعری شاعیرانەوە بێت یان لە ڕێگای دراما و چیرۆک و ڕۆمانی ڕیالیزمیەوە بێت. خوێنەری کورد بە خوێندەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانەی نووسەران تەواو کاریگەر دەبن، چونکە دەزانن ڕووداوەکان واقیعین و دوور لە خەیاڵ و فانتازیان، بە تایبەتی چیرۆک و ڕۆمان لە بەرهەمی نووسەراندا بە تەواوەتی وێنەیەکی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی پیشان دەدات.
سەرهەڵدانی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا بەستراوەتەوە بە چەندین فاکتەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری، لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕووناکبیرانی کورد زیاتر ئاشنا بوون بە ئەدەبی ڕۆژئاوایی ئەم ئاشنابوونە کاریگەریی لەسەر شێوازی نووسینی و بابەتەکانی ئەدەبی کوردی هەبوو، دوای جەنگی جیهانی یەکەم گۆڕانکاریی گەورە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕوویدا ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی ئەوەی نووسەران زیاتر سەرنج بدەنە واقیعی ژیانی خەڵک، هەروەها گەشەسەندنی هەستی نەتەوەیی لەنێو کورددا کاریگەری لەسەر ئەدەب هەبوو، نووسەران هەوڵیان دەدا واقیع و ژیانی کورد و خەباتی نەتەوەیی بخەنە ڕوو، وە بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان دەرفەتی زیاتری بۆ نووسەران ڕەخساند، ئەم بڵاوکراوانە بوونە پردێک بۆ گەیاندنی بیری نوێ و شێوازی نوێی نووسین. هەروەها زیادبوونی ڕێژەی خوێندەواری لەنێو کورددا بووە هۆی پەیدابوونی خوێنەری زیاتر، ئەمەش هانی نووسەرانی دەدا، کە بە شێوازێکی واقیعیتر بنووسن. هەروەها ئەدەبی عەرەبی و تورکیش کە پێشتر ڕیالیزمیان تێدا گەشەی سەندبوو کاریگەریی خۆیان لەسەر ئەدەبی کوردی هەبووە.
لە ئەدەبی کوردیشدا هاوشێوەی ئەدەبی ڕۆژئاوا لە پێش ڕێبازی ڕیالیزم پەیڕەوی لە ڕێبازی ڕۆمانتیکی کراوە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ناهەمواری کوردەوە، ئەدیبان نەیانتوانی وەک ئەدیب و شاعیرانی میللەتانی تر نوقمی خەون و خەیاڵ و ڕەشبینی و نائومێدی و خەون بینین بە ڕابردووەوە بن، هەر بۆیە لەنێو هەناوی ڕۆمانتیکدا ڕیالیزم لە دایک بووە، ڕەنگە ئەمە خاڵی جیاکەرەوەی ئەدەبی کوردی بێت، لە ئەدەبی جیهانی، کە سنوورێکی جیاکەرەوە نیە لە نێوان ماوەی ڕۆمانتیک لەگەڵ ڕیالیزم. ((سەرەتاکانی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەرکەوت، ڕۆمانتیکی تەمەنێکی درێژی نەبوو لە ئەدەبی کوردیدا، دنیایەکی پڕ لە خەون و خەیاڵ بوو، شاعیران و نووسەرانی پێڕەوی ئەم قوتابخانە ئەدەبییە گەلێک لەو واقیعە سەختە دابڕابوون و دوور کەوتبونەوە کە کۆمەڵگەی تێدا دەژیا، ئەمانە لە بڕی ئەوەی ڕێگە خۆشکەربن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی هۆکاری دواکەوتنی کۆمەڵ و پەنجە خستنە سەر برینەکان و گەڕان بۆ چارەسەریان، شوێن خەون و سۆز و ئەندێشەکان کەوتبوون و بەم ئاراستەیەش زیاتر زامەکان قووڵتر دەبوونەوە)). (عومەر، ٢٠١٠، ل٣٤-٣٥)). پاش ماوەیەکی کەم لە سەرهەڵدانی ڕۆمانتیک لە شیعری کوردیدا، شاعیران کەوتنە باسی واقیعی میللەتەکەیان، ((سەختی بارودۆخەکە و پێویستی قۆناغەکە وای کرد کە شاعیران و نووسەران ڕوو بکەنە ڕێبازێکی نوێ و بەرهەمەکانیان لە واقیعی ژیانی کۆمەڵەکەیان هەڵگۆزن و بە بەرهەمەکانیان وێنەیەکی ڕوونی واقیعی سەردەمەکەیان بکێشن و ببنە ئاوینەیەکی ڕوون بۆ دەرخستنی دەردەکان و ئەو هۆکارانەی ڕێخۆشکەرن بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارە، هەروەها هانی خەڵکی بدەن لە گەڕان بە شوێن چارەسەری گونجاو لە کەمکردنەوەی خەم و کێشەکانی کۆمەڵگە)).(عومەر، ٢٠١٠، ل٣٤-٣٥). ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم تێکەڵاوییەک بەرچاو دەکەوێت لە نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەر لەم قۆناغە مێژووییەدا (نێوان هەردوو جەنگی جیهانی) هێشتا پاشماوەی ئەدەبی کلاسیک (شیعری کلاسیک) مابوو، کە ڕۆمانتیک هات، هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆکرا ڕۆمانتیکیش تەمەنی کورت بوو ڕیالیزم لە دایک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵی تواندنەوەی یەکتردا بوونە تا دواجار کلاسیک پاشەکشێی کرد و ڕۆمانتیکیش وردە وردە بەرەو واقیعیەت هەنگاوی ناوە، بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە لە ئارادا بووە وایکردووە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسەران و ئەدیبان بەرەو واقیعیەتی کۆمەڵگا هەنگاو بنێن، ((ئەمەش ڕاستییەکی ترمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە قوتابخانەی ڕۆمانتیکی کوردی تەمەنێکی درێژی نەبوو بە هۆی ئەو گۆڕانە خێراییانەی بە سەر بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی داهات و پێویستی قۆناغەکە وای کرد شاعیران

خۆیان لە باوەشی واقیعی ژیانی میللەتەکەیاندا ببینەوە و تەعبیر لەو واقیعە بکەن کە بارودۆخی سەردەمەکەیان دروستی کردبوو. بۆیە دەتوانین بڵێین لەدوای دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە کە کۆمەڵگەی کوردیشی گرتەوە و لە ئەنجامی سەرکەوتنی بزووتنەوە دیموکراسییەکان و بلاوبوونەوەی بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکان و بەرزبوونەوەی دەنگی جەماوەری گەڵ بۆ بەرگری کردن لە مافی چینە چەوساوەکان ئەمانە هەموویان بوونە هۆی دروستبوونی ناوەڕۆکێکی تازە)). (سابیر، ٢٠٠٦، ل٤٥٥-٤٥٦).

## 2- وێنەی ڕیالیزم لە توخمەکانی (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات):

هەریەکە لە توخمەکانی (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات) لە ڕێگەی پرۆسەی، یان تەکنیکی گێڕانەوە دەخرێنەڕوو. لە پرۆسەی گێڕانەوەشدا هەر چوار توخمەکە وەک یەک لە دەرخستنی واقیع و دارشتنی لە قاڵبی هونەری ڕیالیزمدا گرنگی خۆیان هەیە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەریەکەیان بە جیا خراونەتەڕوو.

### 2-1-1- ڕووداو:

هەرچوار توخمی ڕۆمان (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات) پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانیاندا هەیە، هەریەکەیان تەواوکەری سیانەکەی تریانە. پەراوێزکردنی یەکێکیان لە ڕۆماندا کەلێنێکی گەورە دەخاتە نێو گێڕانەوەی دەقەکە و لاوازی دەکات. چونکە هەریەکێکیان ئەرکێکی گرنگی پێسپێردراوە، کە تەواوکەری ئەرکی ئەوانیترە. دیارە لە کۆی ئەرکەکانیان ئەو وەهمی بە واقیع کردنەی حیکایەتی ڕۆمانەکەیە لای خوێنەر، چونکە تەنانەت لە حیکایەتە ئەفسانەیی و فانتازیاکانیشدا خوێنەر وای بۆ دەچێت کە ئەو حیکایەت و ڕووداوانەش چەند خەیاڵی و نا ئاسایی بن، وێنای ڕووداوی واقیعین و لە بەرگی فانتازیدا خراونەتەڕوو. هەربۆیە ڕووداو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە هونەرەکانی گێڕانەوەدا. ((گرنگترین ڕەگەزی هونەریی بنیاتی دەقی ڕۆمانە و سەنتەری بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە یان ئەو پەیامەیە کە دەقەکەی لە پێناودا خوڵقێنراوە)). (محەمەد، ٢٠٠٩، ل٣١). (ئەرەستۆ) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا ئاماژە بە گرنگی توخمی ڕووداو دەکات لەو ڕیزبەندییەی کە بۆ ڕەگەزەکانی تراژیدیای داناوە، کە ڕەگەزەکان بریتین لە ((چنین، کەسێتی، دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی)).( ئەرستۆ، ٢٠١١، ل٢٨). لە هەموو توخمەکان زیاتر گرنگی بە توخمی ڕووداو داوە، کە پێی وایە بنەمای سەرەکی و بنچینەی دەقە. ((لە هەموو ڕەگەزەکان گرنگتر چنینە، واتە ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، چونکە بێگومان تراجیدیا لاسایی کردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاسایی کردنەوەی کردەوە و ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە _ بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوەوە بەستراوەتەوە)). (ئەرەستۆ، ٢٠١١، ل٢٩). وەکو ئاماژەمان پێکردووە توخمی ڕووداو پەیوەندییەکی بەتینی بە توخمەکانی ترەوە هەیە (نەجم خالد نجم الدین) لە بارەی پەیوەندی توخمی ڕووداو بە توخمەکانی ترەوە دەڵێت: ((ڕووداو یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان و پەیوەندی بە تەواوی توخمەکانی گێڕانەوەوە هەیە وەک کارەکتەر و شوێن و کات. ڕاستە کارەکتەر ڕووداو دروست دەکات، بەڵام لە هەمان کات دا ڕووداو کاریگەری لەسەر کارەکتەر هەیە، ئەوکاریگەرییەش دوو ڕووی هەیە: ئەرێنی و نەرێنی. هەندێ جار ڕووداو وادەکات کارەکتەر خۆی بگۆڕێ و بەرەو باشتر هەنگاو بنێ، هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە ڕووداو دەبێتە هۆی شێواندنی باری دەروونیی کارەکتەر و گرفتاری بێ ئومێدی و بێ بڕوایی و گومانی دەکات)). (نجم الدین، ٢٠٢٣، ل٢٥١).

دیارە ڕووداویش لە پرۆسەی گێڕانەوەو چنیندا، دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. ئینجا بە پێــی ئەو تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆماننووس و ئەو شێوازەی پێــی باشە، دەست پێدەکات. ((ڕووداو کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە یان زنجیرەیەک (ڕاستی – واقیع)ن لە ڕووی ئۆرگانییەوە پەیوەندیدارن بە یەکەوە و لە ڕێی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەکەوە خۆیان دەنوێنن)). (محەمەد، ٢٠٠٩، ل١٣). هەروەها زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان پێکەوە پلانی سەرەکی ڕۆمانەکە دروست دەکەن، توخمەکانی ڕۆمان هەریەکەیان گرینگی خۆی هەیە، لە نێو دەقی ڕۆماندا بە تەواوکەری یەکتری دادەنرێن، لە نێویشیاندا ڕووداو گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، (( ڕووداو توخمێکی سەرەکی بونیادی ڕۆمانە و یەکێکە لەو توخمانەی کە لە پاڵ (کارەکتەر، کات، شوێن) دا، توخمە هونەرییەکانی ڕۆمان پێکدەهێنێت، توخمەکان هەر یەکێکیان بە پێی پێویستی بەشداری لە بونیادی هونەری دەقی ڕۆماندا دەکەن، واتە بوونی ڕووداو بەستراوەتەوە بە

ڕەگەزەکانی ترەوە بۆ دەرخستنی وردەکاری ڕووداوەکە، بەڵام ئامادەیی و بەردەوامی توخمی ڕووداو، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دیاردەیەکی هەست پێکراو و تێبینیکراوە)). (محمد، ٢٠٢٢، ل٣٨).

ڕووداو لەنێو ڕۆماندا وادەکات سەرەنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ژیانی مرۆڤایەتیش پڕە لە ڕووداوی جۆراوجۆر کە لە ماوەی قۆناغەکانی ژیانیدا دووچاری دەبێتەوە، بێگومان هەبوونی ڕووداو لە ژیان مانا دەدات بە ژیان، چونکە لە نەبوونی ڕووداو دا ژیان مانایەکی ئەوتۆی نابێت، (د.شکریە ڕەسول) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی بە سەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پەیوەندی و کارلێک کردنیان لەگەڵ ئەو شوێنەوارەی ت تێیدا دێن و دەچن)). (ڕەسول، ١٩٨٩، ل١٥١). هەروەها (د. محمد احمد القضا) لە بارەی ڕووداوەو وەکو ئاماژەی پێکردووەو دەڵێت: ((ڕووداو ئەو کردارەیە کە جولانەوەی کارەکتەرەکان دەهێنێتە کایەوە، تا لە کۆتاییدا ئەزموونێکی مرۆڤایەتی خاوەن دەلالەت پێشکەش بکەن، بەم پێیە ڕۆماننووس ڕووداوەکانمان لە چوارچێوەی پەرەسەندنی کارەکتەرەکاندا بۆ دەگوازێتەوە)). (القضا، ٢٠٠٠، ص٦٩). ڕووداو یارمەتی گەشەکردن و گۆڕانی کەسایەتییەکان دەدات لە نێو ڕۆماندا، دەتوانێت کەشێکی تایبەت بۆ ڕۆمانەکە دروست بکات، بە جۆرێک دەتوانێ کەشێک دروست بکات کە دڵەڕاوکێ و ململانێی تێدا بێت، یاخود کەشێکی مەترسیدار، یان دەتوانێت کەشێکی خۆش لەنێو ڕۆمانەکەدا دروست بکات، ڕووداوەکان لەنێو ڕۆمانەکاندا دەتوانن وێنەیەکی زیندووی کۆمەڵگا و سەردەمێکی دیاریکراو پیشان بدەن، ((توخمی ڕووداو، وەکوو توخمێکی سەرەکیی بونیادی هونەری ڕۆمان ڕۆڵی بەرچاوی لە بە هونەریکردنی ڕۆماندا هەیە. بێگومان هەموو ڕۆماننووسێک دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بێت واقیعێکی دیکەی هونەریی جودا لە ژیان بئافرێنێ، چونکوو لەوێوە هونەریی بوونی ڕۆمانەکە بە دیار دەکەوێ. بۆ ئافراندنی ئەم واقیعە ئەدەبی و هونەرییە، ڕۆماننووس سەرچاوەی جوداوازی لەبەر دەستدان وەکوو : واقیعی ژیان، فەنتازیا، مێژوو (بەهەموو ڕووداو کەسایەتییەکانییەوە). توخمی ڕووداو زۆر گرنگە، گرنگییەکەی لەوەدایە هیچ ڕۆمانێک بەبێ ڕووداو نابێ)). (مەنتک،٢.١٢). ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانیش ئەگەر واقیعی بن، ئەوا یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی خوێنەر لە ڕووداوە مێژووییەکان، بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە ڕەنگدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانن.

ڕۆمانیش هەروەکو ژانرەکانی تر و بگرە زیاتریش سوود لە ڕووداوە واقیعیەکان دەبینێت و دەیکاتە کەرەستەی خۆی و لەوانەوە ئیلهام وەردەگرێت. بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە کە دونیایەک کێشە و گرفت و نەهامەتیمان هەیە. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەدەب تەنیا بۆ ئەوە نەخوڵقاوە وەک ماددەیەکی چاکسازکەر و سوود بەخش بۆ کۆمەڵگا بنووسرێت، چونکە ئەدەب هونەرە، دەبێت بەشێکی گرینگ بێت لە چێژ بەخشین، خەمڕەوێن بێت، مرۆڤ بۆ حەوانەوەی دەروونی و مێشکی وەک چارەسەری دەروونی بەکاری بێنێت و گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لە ژیانە ئاڵۆز و ماندووکەرەکەی ڕزگاری بکات و پشووی پێبدات. بەڵام هاوکات دەبێت لە پاڵ ئەمەشدا ئەدەب ئاراستەکەربێت، پەند و ئامۆژگاری بێت، زانست و مەعریفە ببەخشێتە خوێنەر. هەر بۆیە ڕۆمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانیووە خۆی لە واقیع بە دوور بگرێت نوقمی خەیاڵی نا ئاسایی بێت و تەنها چێژ بەخش بێت. گەواهی ئەم ڕاستیەش ڕۆمانی کوردییە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی بابەتی ڕووداوەکان زیاتر واقیعین.

### 2-1-2- ڕووداو لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش:

ئاشکرایە کە ڕۆمان مەودایەکی فراوانی هەیە، بۆیە دەکرێت چەند ڕووداوێک لەخۆ بگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە: (ڕووداوی سەرەکی و کۆمەڵە ڕووداوێکی لاوەکی). ڕۆمانی مولازم تەحسینیش پێک هاتووە لە کۆمەڵێک ڕووداو، هەموویان وێنای ئەو ڕووداوانەن، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا لە شاری سلێمانی ڕوویانداوە، سەرجەمیان ڕووداوی واقیعین ئەو ڕووداوانەی، کە باسکراون لە ڕاستییەوە وەرگیراون، ئەوەی، کە تێبینیمان کردووە لەم کورتە ڕۆمانەدا دوو جۆر ڕیالیزم بەرچاو دەکەوێ ئەوانیش یەکێکیان (ڕیالیزمی سیاسی) ئەوی تریش (ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی)یە، پیربال لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)دا باس لەو ڕووداوانە دەکات، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە شاری سلێمانی ڕوویانداوە. ڕووداوەکان لە ڕێگەی سێ کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە خراونەتەڕوو، کە ئەوانیش

(جوامێر و ئەختەر و مولازم تەحسین)ن، هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە لەنێو کورتە ڕۆمانەکەدا باس کراون ڕەنگدانەوەی ڕاستی ئەو سەردەمی شاری سلێمانی بوونە، ((ئەختەر بۆ جوامێری دەگێڕایەوە:

دەمە و عەسرانێکی پاییز بوو، کاتی ئینتیخاباتەکەی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی بوو، شار قەلیشا بۆوە.. قومبەلەیەک لە بەردەم مزگەوتی گەورە تەقا بۆوە، چوار کەسی کوشتبوو، یازدە کەسیش بریندار بوون)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٣). ئەختەر ئەم ڕووداوە بۆ جوامێر دەگەڕێتەوە، کە ئەو وەختەی جوامێر لە شاخ بووە، ڕووداوێکی لەم شێوەیە ڕووی داوە و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی چەندین کەس، خەڵک دەیانگوت حکوومەت خۆی ئەم تەقینەوەی ئەنجام داوە تاوەکو ناوی پێشمەرگە لە کەدار بکات و حکومەتیش دەیگوت چەکدارە یاخیبوویە بەکرێگیراوەکان خۆیان ئەم جۆرە تەقینەوانە ئەنجام دەدەن، ئەم هەواڵ و ڕووداوانە واقیعی ئەو کاتی شاری سلێمانی بوون، بە دەست پێشمەرگە و حکومەتی بەعس. هەروەها ڕووداوێکی تر کە ئەختەر بۆ جوامێر دەگێڕێتەوە و ڕۆماننووس ئاماژەی پێکردوە و دەڵێت: ((قومبەلەیەکی دیکەش فڕێ درابووە ناو مەعمەلی جگەرەکە و هەژدە کەسی کوشتبوو. تازەش، دوو سێ ڕۆژێک بوو (ئاکۆ ئارپیـــــجی)و تیپە فیداییەکەی، دەزگیر کرابوون، کە چوو بوون پارێزگاری کەرکووک تیرۆر بکەن)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٤). بێگومان ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەکی واقیعی ڕوویان داوە و هەریەک لە پێشمەرگە و حکومەتی بەعس یەکتریان تۆمەتبار دەکرد بە ئەنجامدانی ئەم کارانە.

جۆری ڕیالیزمی سیاسی لەنێو ئەم ڕۆمانەدا باسکراوە، کە واقیعێک بووە لەو کاتەدا بوونی هەبووە، هەریەکە لە (جوامێر و ئەختەر) ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی حیزب لە سلێمانی، ئەختەر بۆ جوامێر دەگێڕێتەوە، ((مولازم تەحسین، وەک گورگی بریندار، بە خۆی و هەشت مسەلـــەحەی پڕ قووات خاصە، بەناو کۆڵانەکانی شاردا دەسوڕایەوە. تۆ لە شاخەوە، تەنیا دوو سێ ڕۆژێک بوو، پڕ بە قەد چوار تەنەکە بەیاننامە و مەنشوراتی حیزبت بۆم ناردبوو کە بەناو شاردا بلاو یان بکەمەوە

–لە بیرمە

–باش بوو یەک دانەشی لە ماڵەوە نەمابوو، هەمووم بلاو کردبوونەوە)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٤-١٥). هەروەکو دەبینین ئەختەر لە شانە نهێنیەکانی ناو شاردا کاری دەکرد. هەموو ئەو بڵاوکراوانەی کە لە شاخ دەردەچوون جوامێر لە ڕێگای ئەختەر لەناو شاردا بڵاوی دەکردنەوە، ئەمەش بەشێک بوو لە کاری حیزبی کە بە بەشێکی گرنگی سیاسەت دادەنرێت. هەرچەندە پێش ئەوەی ئەختەر دەست بداتە کاری سیاسی، جوامێر ئەو کاتەی کە لە شاردا بووە پێش ئەوەی کە ناچار بێ شار بەجێ بێڵێت، حیزبایەتی دەکرد بە نهێنی دژی ڕژێمی بەعس ((سێ ساڵ پێش ئێستا، پێش ئەوەی هێشتا جوامێر کەشف ببێت و ناچاربێ شار بەجێ بێڵێت و پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی ناوشاخەوە بکات. جوامێر هەر لەو کاتەوە کادرێکی گەورەی حزب بوو، بەرپرسی یەکەمی هەموو شانە نهێنییەکانی ناوشار بوو. بۆ داپۆشینی ئەم مەسەلەیەش خۆی کردبوو بە (بەعسی)، ڕەفیق حزبی بوو)). (پیربال، ٢٠٠١، ١٥). ئەم سیاسەتەی ئەو کاتی کورد شتێکی واقیعی و هەڵنەگرە، چونکە ئەمە جۆرێکی تایبەتی سیاسەتە و گیانفیدایی دەوێت، لە هەر حاڵەتێکی ئاشکرا بوون سەری سیاسەتوانەکە تیادەچوو، هەروەکو دیارە لەنێو ئەم کورتە ڕۆمانەدا ڕیالیزمی سیاسی بوونی هەیە و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ئەو سەردەمی شاری سلێمانیمان بۆ دەخاتەڕوو ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە فەرهاد پیربال تا توانیویەتی بە شێوەیەکی ڕیالیزمی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی دارشتووە.

نووسەر (جوامێر)ی وەکو کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش) پیشان داوە، بەشێکی سەرەکی خستنەڕووی ڕیالیزمی سیاسی لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە خستۆتەڕوو، کە واقیعی ئەوکاتی سەردەمی ڕژێمی بەعس بوو لە شاری سلێمانی، ئەم جۆرە سیاسەتەی، کە لەنێو ئەم کورتە ڕۆمانە دا خراوەتەڕوو بە واقیعی بوونی هەبوو لەو سەردەمەدا، کە (جوامێر) خەت مایل بوو، کە خۆی بە بەعسی ناساندبوو، لە کاتێکدا لە ژێرەوە کاری بۆ پێشمەرگە دەکرد. ((جوامێر (خەت مایل)، ڕەفیق حیزبی لەناو حزبی بەعسدا؛ بەڵام لە ژێرەوە بۆ پێشمەرگە کاری دەکرد. تەنانەت هەموو مەنشوراتەکانیش، کە لە شاخەوە هەفتەی جارێک پێیدەگەیشتن، بەیانیان، هەر خۆی، بە دەستی خۆی بەناو بەڕێوبەرایەتییەکەی خۆیدا بڵاوی دەکردنەوە)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٦). وەکو دەبینین پیربال لە ڕێگەی جوامێرەوە

دەیەوێت پیشانمان بدات، کە واقیعێک لەو کاتدا بوونی هەبوو، ئەویش بوونی سیاسەتی نهێنی کوردە لەنێو حیزبی بەعسیدا بۆ بەرژەوەندی پێشمەرگە و حیزب، هەروەها دوای ئاشکرابوونی جوامێر، ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە. پیربال ئاماژە بەوە دەکات، جوامێر ئاگاداری دۆخی ئەختەر بوو، کە چۆن ڕۆژانە لە لایەن بەعسییەکانەوە دوچاری دەست درێژی دەبووەوە. ((تەنانەت دواتریش، کار گەیشتە ئەوەی کە جوامێر بۆی نووسیم، گوتی: قەیناکە، لەگەڵیان کار بکە، بۆ ئەوەی بتوانیت، بە خەتی مایل، لەناو شاردا درێژە بە خەباتی ژێر زەمینی و سیاسیانەی خۆت بدەیت)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٠). هەروەکو دیارە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و سیاسیدا جوامێر بەباشی زانیووە ئەختەر بەردەوام بێت لەگەڵیان سەرەڕای ئەو دەست درێژیانەی کە دەکرایە سەری، ئەم جۆرە سیاسەتەش تاڕادەیەک بوونی هەبوو لەو سەردەمە لە کوردستان لە بەرامبەر ڕژێمی بەعسدا.

جوامێر کە مانگانە جارێک یاخود چەند هەفتەیەک جارێک بە شەو لە شاخەوە هەم بۆ دیتنی ئەختەر، هەمیش بە مەبەستی جێبەجێکردنی کاری سیاسی خۆی دادەبەزییە ناو شار، ((جوامێر، تەتەری شاخ، هەمیشە، کە دەگەیشتە ماڵی ئەختەر، کۆمەڵێک نامەی پێ بوو (نامەی پێشمەرگە و بەرپرسەکان) دەیانیدایە ئەختەر بۆ ئەوەی هەر سبەینێ دابەشیان بکات و بیانگەیەنێتە شوێنی پێویست؛ هەروەها هەمیشە دەیان نامیلکە و سپارە و بەیاننامە و بڵاوکراوەی نهێنی کە تازە لە چاپخانەکانی ناو پێشمەرگە دەرچووبوون و پێویست وابوو بەناو شاردا، بەناو ئەندامەکاندا، بەناو خەڵکدا بڵاوبکرێنەوە؛ ئەوانیشی دەسپاردنە دەست ئەختەر)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٤٣-٤٤). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی شەو دابەزین، بە ڕاستەقینەیی بوونی هەبوو، نووسەر لە جوامێری کارەکتەرەوە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم جۆرە ڕووداوانە لەو کاتە بە نهێنی ئەنجام دەدران، لە لایەن پێشمەرگەکانی شاخ. هەروەها جوامێر بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی حیزب بە بیانوی ئەوەی کە ئەختەر لەگەڵ خۆی دەبات بۆ شاخ و دەیکاتە هاوسەری خۆی، ((ئەختەر.. تەواو.. دەتبەم.. لەگەڵ خۆم دەتبەمە شاخ.. تا هەتایە پێکەوە دەژین!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٠٧). جوامێر داوا لە ئەختەر دەکات بۆ هاوکاریکردنیان لە جێ بەجێکردنی پلانێکی پێشمەرگە بۆ دەستگیرکردن و ڕفاندنی مولازم تەحسین لە ناو ماڵی ئەختەر، ((پێویست وایە مولازم تەحسین لە کۆڵ ئەم شارە بکەینەوە!

ـــ چۆن؟

ـــ مەکتەبی سیاسیی حیزب بڕیاری داوە کە بە پلانێکی پێشمەرگانەی ورد و سەرکەوتوو، بە هاوکاری و دەوری سەرەکیی تۆ؛ مولازم تەحسین بڕفێنینە شاخ!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٠٤). هەروەکو دیارە ڕۆماننووس دەیەوێت بۆمان ڕوونبکاتەوە ئەم شێوازی سیاسەتکردنە ڕاستی و دروستی واقیعی ئەو سەردەمی سیاسەتی پێشمەرگە و حیزب بووە بەرامبەر بە ڕژێمی بەعسی لە شاری سلێمانی.

(ئەختەر) وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی ئەم کورتە ڕۆمانە پانتاییەکی زۆری سیاسەت بە سەر ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو کەسێکی سیاسی لەم نێوانەی (جوامێر و مولازم تەحسین) کە هەریەکەیان ئاراستەی سیاسی و بیرکردنەوەیان پێچەوانەی یەکتری بوو، لە کاتێکدا کە (ئەختەر) بۆ خۆشی ئەمەی بە باشی دەزانی کە خراوەتە ناو کارێکەوە ڕەنگە ئەنجامەکەی باش نەبێت بۆ خۆی، بەڵام ئەو تێگەیشتنەی نەک هەر نەبووە هۆی وازهێنانی لە کاری سیاسی، بەڵکو زیاتر پاڵنەر بوو تاکو لە سیاسەتکردن بەردەوام بێ لە بەرژەوەندیی حیزب، ((ئەختەر ئەو شەوە، وەک دەیان شەوی دیکە، دەبووایە دانیشێت ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی بنووسێت: بۆ ئەوەی سبەی شەو، یان دوو سبەی شەو، کاتێ جوامێر دێتە لای، ڕاپۆرتەکە بە جوامێردا بگەیەنێت بە دەزگای کاروباری نهێنییە عەسکەری و سیاسییەکانی حزب لە شاخ)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٢). هەروەها یەکێکی تر لە کارە سیاسییەکانی (ئەختەر) ئەوە بوو، کە دەبێت ناوی هەموو ئەو خێزانانەی کە سەردانی (صەدام حسێن)یان کردووە لە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل بە ڕێگای (جوامێر) بنێرێت بۆ سەرکردایەتی حیزب لە شاخ ((ئەختەر دەبووایە ڕاپۆرتێکی فراوان لە بارەی ئەم سەردانە بنووسێت و ناوی یەکە یەکەی ئەو خێزانانە ـــ بە تایبەتی پیاوەکانیان ـــ بنووسێت کە ئەو سەردانەیان کر دووە و پارە و زێڕیان بەخشیوەتە صەدام حسێن)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٤). ئەم سەردانی کردنانەی هەندێک لە خێزانە دەوڵەمەند و بازرگانەکانی شاری سلێمانی بۆ لای صەدام حسێن شتێکی واقیعی بوو لەو سەردەمەدا، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشیش داوای لەو دەوڵەمەندانە دەکرد

که بە هەمان شێوەی صەدام، کە چۆن پارە و زێڕیان بۆ بردوون ئەواش دەبێت بۆ ئەوانیش بینێرن، ((ئەمەش بەو ئامانجە بوو کە سەرکردایەتیی شۆڕشی شاخ، نامە بۆ هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەوانە بنێرێت و داوایان لێ بکات کە بە هەمان شێوە پێویستە پارەیەکی زۆر بۆ سەرکردایەتیی شۆڕشی پێشمەرگەی شاخیش بنێرن، ئەگینا هەتکیان دەکەن و ڕیسوایان دەکەن؛ ناویان دەخەنە ڕیزی ئەوجاش وخائینانەی کە دانراون بکوژرێن!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٤).
یەکێکیتر لەو کارە سیاسییانەی کە ئەختەر بۆ حیزب ئەنجامی دا بریتی بوو لە پێدانی بڕی پەنجا دینار بە دایکە شەهیدێک، ((دایکی شەهید شوان! کاتێ پەنجا دینارەکەی لێ وەرگرت، چۆن دەستە و دوعا، نیو سەعات زیاتر هەر دوعای بۆ کرد و لە خوای گەورە پاڕایەوە کە بێوەیی بکات و لە شەڕ و بەڵای دنیا بە دووری ڕابگرێ! ئەو دایکە شەهیدە، ئەو پیرەژنە بەستەزمانە، وای دەزانی ئەختەر _ خۆی ئەم پەنجا دینارەی لە ڕاهی خوا پێ بەخشیوە،نەیدەزانی کە پێشمەرگە و حزب لە شاخەوە، بۆ لە بیرنەکردنی خۆبەختکردنی کوڕە شەهیدەکەی، بۆیان ناردووە! ئەختەر دوو سێ جارانیش هاتە سەر زمانی، کە پێی بڵێت: ئەم پارەیە خێری من نییە: پاداشت و یارمەتی برادەرەکانی شەهید شوانە، بۆیان ناردووی، بەڵام نەیدەتوانی لە فەرمایشتی حزب دەربچێت؛ نەوەکا پیرەژن لە دەمی دەر بچێت و لەملا و لەولا باسی بکات و ئەختەر کەشف ببێت! ئیتر ئەختەریش لە ترسی ئەمە دانی بە خۆیدا گرت و هیچی نەدرکاند)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٧-٣٨). ئەختەر لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانەی بۆ حیزب هەستی دەکرد ڕێگەیەکی ڕاستی گرتۆتە بەر، زیاتر هانی دەدا بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕێچکەی سیاسەت کردنە((هەرچۆنێک بێ ئەختەر کاتێ ئەم دیمەنە پڕ خێر و ئاسوودەییەی دەهێنایە پێش چاوی خۆی، کاتێ دەیزانی بە ڕاستی سوودێکی کەمی بۆ ئەو خەڵکە لێقەوماوانەی شارەکەی خۆی هەیە؛ زیاتر باوەڕی بەوە دەهێنا کە نابێت لەم ڕێگایەی گرتوویەتییە بەر لابدات و پۆشمان ببێتەوە! مەگەر بە دەگمەن _ لە هەندێ حاڵەتی فیگاری و بێزاریدا نەبێ _ ئەگینا زۆربەی کات، لە کانگای خۆیەوە هەستی دەکرد کارەکەی ئەو تەنیا کارێکی حیزبی یان سیاسی و نیشتمانی نییە، بەڵکو کارێکی مرۆڤایەتییانەشە!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٨-٣٩). هەروەها پیربال جۆرێکیتری سیاسەتمان لە ڕێگەی ئەختەری کاراکتەرەوە پیشان دەدات، کە لەو سەردەمەدا پەیڕەو دەکرا، ئەویش کە خۆی دەبینیەوە لەوەی، کە لەو کاتەدا پێشمەرگە بە شەوان بە نهێنی دادەبەزینە ناو شار، بە مەبەستی ئاگادار بوون لە بارودۆخی ناوشار لە ڕێگەی شانە نهێنییەکانەو، ((لە دەمەوکازیوانیشدا،کاتێ دەگەڕایەوە شاخ، کۆمەڵێک نامە و دەنگ و باس و ڕاپۆرتی – بە قەلەمی ئەختەر – دەبردەوە: بۆ دەزگای ڕاگەیاندن و بەشی نهێنییەکانی شۆڕش)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٤٤).
(مولازم تەحسین)یش، وەکو کارەکتەرێکی کارایی ئەم کورتە ڕۆمانە ئەگەرچی کەسایەتێکی سەربازی و ئەفسەر بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سیاسەتیشی دەکرد بە شێوازێکی توندوتیژ بە مەبەستی چاوترساندنی خەڵکی شاری سلێمانی بۆ ئەوەی لە سیاسەت نزیک نەبنەوە و کاریان بە سیاسەتەوە نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار هەبووە کە خەڵکی بێ تاوانی گرتووە و ئازار و ئەشکەنجەی داون بۆ ئەوەی چاوترسێنیان بکات و لە سیاسەت دوور بکەونەوە. ((مولازم تە حسین، لەناو ئۆتۆمبیلێکی ڕەشی قەبەی تازەدا سێ مسەڵلەحەی پڕ چەکدار لە دووایەوە بە شەقامە درێژەکەی تووی مەلیکدا سەردەکەوێ، لە پەنجەرەوە چاو بە سەر شۆستەدا دەگێڕێ، لە ناکاو، هەر گەنجێکی کەشخە و باڵابەرزی تەزبیح بە دەست سەرنجی ڕابکێشێت؛ هەر لە خۆیەوە لێی دەکەوێتە گومانەوە، سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەکات و پەلپێچی دەکات بۆ ئەمنە سوورەکە: دووای هەفتەیەک لە ئەشکەنجەی توند و (تەمبێکاری) ئینجا بەرەڵای دەکەن. ئەمە تەنیا بۆ ئەوەی گەنجە کوردەکانی دیکەی ناو بازاڕ و جادەی تووی مەلیک هەست بە دەسەڵاتی (بەعس) بکەن و نەوێرن تخوونی سیاسەت و کوردایەتی بکەون!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٤-٣٥). ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر کەسی گیراو هیچی لەسەر نەبا و بێتاوان بووایە، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسی گیراو تۆمەتەکەی بە تەواوەتی لەسەر ساغ ببوایەوە و پەیوەندی بە سیاسەتەوە بووایە ئەوە سزایەکەی جۆرێکی تر بوو. ((مولازم تەحسین، زۆربەی شەوان، درەنگ، لەناو مسەڵلەحەیەکی قەبەی تازەدا دانیشتووە سێ مسەڵلەحەی پڕ چەکدار و قووات خاصەی دیکەشی بەدووایەوە؛ لاشەی بە گوڵە هەڵا هەڵا بووی پێشمەرگەیەکی شەهیدکراوی ئەم ئێوارەیەش، بە گوریسێکی ئەستوور بەستراوە بە چەمچەی مسەڵلەحەکەوە، بەسەر بۆدیی مسەڵلەحەکەوە شۆڕ کراوەتەوە و تک تک هێشتا خوێنی وشکەوەنەبووی ئەم ئێوارەیەی لێدەچۆڕێ.. بەناو بازاڕ

و به پێش قسم داخلییەکانی قوتابیانی زانکۆدا دەیگێڕن! ئەمە هەمووی لە پێناو ئەوەی خەڵک و قوتابیانی زانکۆ بزانن کە حزبی بەعس و حکوومەت ئەوها لەو خەڵک و ڕۆشنبیر و قوتابییانە دەکات کە (ڕێگەی هەڵە) دەگرنە بەر و هاوکاریی پێشمەرگە و یاخیبووەکانی شاخ دەکەن! هەموو بۆ ئەوەی کە خەڵکی شار چاو ترسێن بکەن و وایان لێ بکەن بەگەڵ پێشمەرگە و هاوکارەکانیان نەکەون!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٥-٣٧). هەروەها پیربال لە ڕێگەی (مولازم تەحسین)ەوە، ڕاستی و دروستی سیاسەتی ئەوکاتی ڕژێمی بەعسیمان لە شاری سلێمانی بۆ ڕووندەکاتەوە لە ڕێگای بە کارهێنانی (ئەختەر) بە بیانوی ئەوەی کە دەیخوازێت و دەیکاتە هاوسەری خۆی، بۆ مەرامی سیاسی بەعس بەکاری دەهێنا، ڕاستی ئەو بۆچوونەشمان لەم قسانەی مولازم تەحسینەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەڵێت: ((ئەختەر گیان، ئیتر من لە ئەمڕۆوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکەم ببینە ژن و مێردی یەک)).(پیربال، ٢٠٠١، ل١٢٠-١٢١). لە کاتێکدا هەموو ئامانجی ئەوەبوو لە ڕێگای بەکارهێنان و هەڵخەڵەتاندنی ئەختەرەوە بتوانێت پلانێک دابنێت بۆ لەناوبردنی جوامێر، لە کۆتایشدا سەرکەتوو بوو لە جێبەجێکردنی پلانەکەی، ((ئەختەر هەر لەوێ بوو. نەڕۆیشتبوو؛ بەڵام ئەویش لەگەڵ ئەوان خۆی مەلاس دابوو: هەموویان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە جوامێر لە دەرگا بدات و ئەختەر بچێ دەرگای لێ بکاتەوە)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٢٨). دوای ئەوەی کە جوامێر لە دەرگا دەدات و ئەختەریش دەرگای لێ دەکاتەوە دەکەوێتە ناو ئەو بۆسەیەی کە مولازم تەحسین دایناوەتەوە، ((بەو دەنگانەی دەمانبیستن، باش دیار بوو، کە ئینسانێک کەوتۆتە بۆسەی چەند چەکدارێکەوە؛ دەمیان گرتووە و بە کلاشنکۆف لە کەللەی سەری دەدەن و دەیبوررێننەوە!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٢٩). بۆ ڕاستی و دروستی لە دڵنیابوونی هەڵخەلەتاندنی ئەختەر بۆ مەرامی سیاسی لە لایەن مولازم تەحسینەوە ئاماژە بەم چەند وشەیەی نێو کورتە ڕۆمانەکە دەکەین، کە مولازم تەحسین بەو چەکدارانەی کە لەگەڵیدا بوون دەڵێت: ((ئەم قەحپە پیسەش ببەن! لێرەی بە جێ نەهێڵن!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٣٣). ئەم شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتە لە لایەن بەعسیەکانەوە بە ڕاستەقینەی پەیڕەو دەکرا لە پێناو پێکانی ئامانجەکەیان.

لەم کورتە ڕۆمانەدا بەدەردەکەوێت، کە ڕیالیزمی سیاسی بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەنگی داوەتەوە، وێناکردنی هەموو کارە سیاسییەکانی نێو ئەم کورتە ڕۆمانەی فەرهاد پیربال لە ڕێگەی هەرسێک کارەکتەری سەرەکی ( جوامێر، ئەختەر، مولازم تەحسین)دا واقیعێک بووە لە شاری سلێمانی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی (صەدام حسێن)دا بوونی هەبووە، نووسەر لە چوارچێوەی ئەم کورتە ڕۆمانەدا خستوویەتەڕوو.

هەروەکو لە پێشتر ئاماژەی پێدرا، جگە لە ڕیالیزمی سیاسی، ڕیالیزمی کۆمەڵایەتیش خراوەتەڕوو، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لە ناویاندا کێشەی ئافرەت، توندوتیژی بەرامبەری، پێشێلکردنی مافەکانی، سەیرکردنیان وەک جەستەیەک بۆ تێرکردنی حەزەکانی ڕەگەزی بەرامبەری... هتد. لەنێو ئەدەبی کوردیدا بوونی هەیە. لەنێو ئەم کورتە ڕۆمانەشدا کێشەی ئافرەت خراوەتەڕوو، لەوانە وەکو دیارە (ئەختەر) وەکو ئافرەتێکی نێو کۆمەڵگایی کوردی بووەتە قوربانی حەزی سێکسی هەریەکە لە (جوامێر و مولازم تەحسین)، هەریەکەیان بە بیانووی ئەوەی کە دەیخوازن و دەیکەنە هاوسەری خۆیان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەبەر قسەی خەڵکی ئەو بوێریەیان نییە بیخوازن، بە تایبەتی جوامێر، کە کەسایەتییەکی دیاری نێو شاری سلێمانی بوو، ((تۆ هیچ ڕەچاوی ئەوە ناکەیت کە ئێمە لە شارێکی دوواکەوتوودا دەژین؛ خەڵک قسە دەکات...

– ئەگەر بە گوێی خەڵک بکەین، دەبێ دەست بە چاوی خۆمانەوە بگرین، دەبێ هیچ نەکەین!

– ئاخر منیش وا ئاسوودە دەبم کە بە خەڵک بڵێم: ژنی جوامێرم.

– تۆ ترسنۆکیت ئەختەر؛ تۆ ناتوانی ڕووبەڕووی خەڵک بوەستیتەوە! ئەمە ترسنۆکییە.

– ئەدی ئەمەی تۆ، ترسنۆکی نییە؟

– کامە؟

– کە تۆ خۆشت دەوێم و لەگەڵم دەخەویت و دەشتەوێ بمخوازیت؛ بەڵام ناوێریت بمخوازیت)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٤٨).

لەم گفتوگۆیەی نێوان جوامێر و ئەختەر بەدەردەکەوێت، کە ئەختەر داوا لە جوامێر دەکات، کە بیخوازێت، بەڵام جوامێر بە بیانووی دوواکەوتوویی کۆمەڵگاوە نایەوێت ئەختەر بکاتە هاوسەری خۆی، لەبەرئەوەی ئەختەر لەلایەکی ترەوە

پەیوەندی هەیە لەگەڵ مولازم تەحسین، ئەگەر جوامێر بیکاتە هاوسەری خۆیی ڕووبەڕووی قسە و باسی زۆری خەڵک دەبێتەوە، بەوەی کە جگە لە جوامێر لەگەڵ کەسێکی تریش پەیوەندی هەبووە، ((من ئەگەر تۆ بخوازم، خەڵک پەنجەم بۆ درێژ دەکەن و دەڵێن: ئەوەتا، جوامێر، لە کۆتاییدا هەر ئەختەری قادر قوتووی خواست)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٥٠-٥١). ئەمەش ئاماژیە بۆ ئەوەی کە ئەختەر بە چاوی کۆمەڵگاوە کەسێکی سوکە! هەروەکو دیارە ئافرەت قوربانی سەرەکییە لە نێو کۆمەڵگا و هەریەکەیان لەلایەکەوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان دەستییان پێ گەرم کردۆتەوە. ئەمە جگە لەو کلتورەی کورد، کە پێش پرۆسەی هاوسەرگیری خۆ ڕادەست کردنی ئافرەت بۆ پیاوان، پیاوان هەر خۆیان ئامادەنین ئافرەتێک بخوازن کە پێشتر پەیوەندی جەستەییان لەگەڵیدا هەبووە و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەن. پیربال لە بەشێکی تری گفتوگۆیی نێوان (جوامێر و ئەختەر) ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە کوشتنی ئافرەت بەناوی شەڕەف لە کۆمەڵگادا کارێکی باو و بەربڵاو بووە، ((شاڵلا لە یەکەم ڕۆژەوە نەمناسیتایە! کە ناسیمت و کردمت بە ژن، یەکسەر بتکوشتمایە!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٥٥). وەکو لەم کورتە ڕۆمانە، ڕۆماننوس ڕوونی کردۆتەوە کە ئەختەر هیچ کەسێکی نزیکی خۆی نییە یاخود نەماوە نە باوک، نە برا ، ئەگەرنا بە دڵنیاییەوە لەسەر شەڕەف و بەناوی شەڕەف لەلایەن باوک و برایەکانییەوە دەکوژرا، هەر بۆیەشە داوای لە جوامێر کردووە کە بیکوشتایە، دیارە کە ئەختەر ئەو ڕاستیە دەزانێت کە چارەنووسی ئەو ئافرەتانە کوشتنە. چەندین ئافرەت بەو چارەنووسە گەیشتوون. هەروەها ڕاستییەکی تر لە نێو کۆمەڵگادا بوونی هەبوو لەوکاتاندا، کە پیربال لەم کورتە ڕۆمانەدا ئاماژەی پێکردووە، ئەویش ئەوەبوو کاتێک کەسێک ڕووبەڕووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبووەوە ئینجا پیاو کوشتنبایە، یاخود کێشەی ئافرەتان بوایە، یان هەر کێشەیەکیتر، ئەوا ڕووی دەکردە شاخ و بەناچاری و بۆ دوور کەوتنەوە لەو کێشەیەی بۆی دروستبووە دەبووە پێشمەرگە، کە وەکو پەناگەیەک بۆ مانەوەی لەژیاندا پێشمەرگایەتی هەڵدەبژارد، ((وەکووکوڕەکەی ماڵی (دکتۆر شەوکەتی عەمەلیات) ساڵی پێرار، بەبیرت دێ: ئەویش کچەکەی (سەعەکەڕی حەمامچی )ی کردە ژن و پاشان، بۆ ئەوەی لە دەستی قوتار ببێت، لێیدا چوو بووە پێشمەرگە. ئەمڕۆ بووە بە عادەت: هەر کەسێک دزییەک بکا، حیزییەک بکا، کچێک هەڵبگرێ، پیاوێک بکوژێ، یان لە عەسکەری فیرار بکا.. دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە!)). پیربال، ٢٠٠١، ل٦٧-٦٨). لێرەدا ڕۆماننووس ئەو واقیعیە نیشان دەدات کە شاخ نەک هەر جێگەی پێشمەرگە و خەباتگێران بووە، بەڵکو پەناگە و حەشارگەی هەڵهاتووان لە یاسا و سزا و بەدکارانیش بوو. دیارە ئەمەش پەیوەندی بە گەندەڵی شۆڕشی کوردەوە نەبووە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەوەی شاخ و شوێنەکانی پێشمەرگە دوورە دەستی دەسەڵات و شوێنی سەخت بوون و لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕاندا بوون. ئەم جۆرە شوێنانەش بەهۆی ئەوەی دەستی دەسەڵاتی پێنەدەگەیشت، بوو بوونە شوێن و حەشارگەی لە یاسا هەڵهاتووەکان، یان ئەوانەی دوژمنایەتیان بۆ دروست بووبوو. ((پێشمەرگایەتی بووە بە جێگەی دەیانی وەکو جوامێر و ئاسۆی دکتۆر شەوکەتی عەمەلیات. عەمریان نەمێنێ: کچان دەکەنە ژن و بەجێیان دێڵن، دەبنە پێشمەرگە)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٦٨). هەروەکو دەبینن ئافرەتان هەمیش قوربانی حەزوو ئارەزووەکانی پیاوان بوونە، کە لە کۆتاییدا زۆر جاران ئافرەتەکە بەو چارەنووسە گەشتووەو کوشتویانە بەناوی شەرەف و ناموس، پیاوەکەش بە سەلامەتی لێی دەردەچێت، کە ئەمەش واقیعێکە فەرهاد پیربال ئاماژەی پێکردووە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم واقیعە لە نێو کۆمەڵگادا هەر هەیە.

### 2-2-1- کارەکتەر:

کارەکتەر یەکێکە لە توخمە گرینگەکانی ڕۆمان و هێزی بزوێنەری چیرۆکی ڕۆمانەکەن، کارەکتەرەکان لەناو ڕۆماندا نوێنەرایەتی مرۆڤە جۆربەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن، لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە نووسەر دەتوانێت پەیامی ڕۆمانەکەی بگەیەنێتە خوێنەر، بە هۆی کاراکتەرە جیاوازەکانەوە نووسەر دەتوانێ جیهانبینی جیاواز پیشانی خوێنەر بدات، هەروەها کارەکتەرەکان دەتوانن نوێنەرایەتی کلتوور و چینی کۆمەڵایەتی سەردەمێکی دیاریکراو بکەن، کە بەهۆیەوە خوێنەر دەتوانێت تێگەیشتنی قوڵتر لە کۆمەڵگا و هەروەها تێگەیشتنێکی زیاتری هەبێت بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نێو ڕۆمانەکە، ئەو کارەکتەرانەی کە لەناو ڕۆمانەکەدا دژ بەیەکن لە ململانێدان، وادەکەن ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرەو پێش بچن و سەرنجی زیاتری خوێنەر ڕابکێشن بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە. هەروەکو(سەردار فائق

مجید) دەڵێت: ((کارەکتەر یەکێکە لە دیارترین و گرنگترین ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نێو دەقی ڕۆمان، ڕۆمان بەبێ کارەکتەر بنیاد نانرێت، چونکە بەهۆیەوە ڕووداوەکان هەڵکشان و داکشان بە خۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەی ڕۆمانیشدا (ڕووداو، کات، شوێن)، کار لەیەک دەکەن و دەقی ڕۆمان پێکدەهێنن، واتا پێکەوە و بە هەماهەنگی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی نێو دەقی ڕۆمان هەڵدەسوڕێنن)). (مجید، ٢٠٢٣، ل٣٢).

کارەکتەر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بنیاتنانی ژانری ڕۆماندا، چونکە لە ڕێگای کارەکتەرەوە خوێنەر ئاگاداری گۆڕانکاریی و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان دەبێت، ((کارەکتەر توخمێکی سەرەکیی رۆمانە و رۆڵێکی کاریگەر لە بنیاتنانی رۆماندا دەگێڕی و بەهۆیەوە رووداوەکان هەڵکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیکەی رۆمانیشدا بە هەردوو لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە کار لەیەک دەکەن و رۆمان دروست دەکەن)).(شێخانی، ٢٠١٤، ل١١.) دەتوانرێت بگوترێت بەبێ بوونی کارەکتەر ناتوانرێت ڕۆمانێک بنیات بنرێت، توخمەکانی تری وەکو: ڕووداو و شوێن و کات، بۆ پیشاندانی کەسایەتی کارەکتەر کار دەکەن. ((کاراکتەر کە بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی ڕۆمان دادەندرێت، داینەمۆی سەرجەم ڕووداو و چیرۆکەکانیەتی، واتە گێڕانەوە بێ بەها دەردەکەوێت لە دەرەوەی کاراکتەردا، بۆیە کارکردن لەگەڵ کاراکتەری ڕۆماندا جیاوازە و تایبەتمەندیی خۆی دەوێت، ڕەگەزێکە دەتوانێت سەرجەم ڕەگەز و بنەماکانی تر لە ڕێی جووڵەوە دەربخات و پێکەوە کۆیان بکاتەوە)). (محمد، ٢٠٢٢، ل٥٥). ڕۆماننووسان لە ڕۆماندا گرنگییەکی زۆر بە کارەکتەر دەدەن، ئەمەش نەک تەنها لەبەرئەوەی کە بزوێنەر و هەڵسووڕێنەری ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە، بەڵکو نووسەران مەبەستێکی فراوانتر و قووڵتریان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆماننووسی بەرهەمە ئەدەبییەکە دەیەوێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی کارەکتەری کاریگەر – مەبەست لە کاریگەر ئەوەیە کە کارەکتەرەکە ناوێکی دیار بێت و ناسراو بێت – یان واقیعی یان نزیک لە واقیع بێت، کە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرە ناسراوە بیر و ئایدیایەکی تایبەتی بگەیەنێتە گوێی خوێنەر. ((ناوی کارەکتەر پەیامە. ناوێک نییە و بەس، بگرە پەیامێکی لە پشتە. ناو دەبێ لەگەڵ کەسایەتیی کارەکتەر بێتەوە.)). (سەباح، ٢٠٢١). کەواتە هەڵبژاردنی ناو بۆ هەر کارەکتەرێک شتێکی لەخۆوە نییە، بەڵکو مەبەستێکی لە پشتە و پەیوەستە بە بیر و ئایدیای نوسەرەوە. لە نێو ڕۆمانەکاندا کارەکتەری خەیاڵی و واقیعی هەن، دەبێت نووسەر لە هەردوو باردا شێوازی جیاواز بگرێتە بەر لە هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ کارەکتەرەکاندا، ((ئەگەر هاتوو کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان خەیاڵی بن ئەوا نووسەر بە ئارەزوو ویستی خۆی دەستکاریی کەسایەتی و ڕەفتاری کارەکتەرەکان دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکتەرەکان کەسایەتیی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگابن ئەوا لەو کاتەدا نووسەر ناتوانێت زۆر بە ئازادی دەستکاریی کەسایەتیی کارەکتەرەکە بکات، بەڵام هەندێ جار دەتوانێت کەسایەتییەکە تێکەڵ بە بیر و خەیاڵی خۆی بکات، کەواتە کارەکتەر ئافرێنراوی دەستی نووسەرە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە نووسەر هەموو ئازادییەکان لە کارەکتەر وەربگرێتەوە بە ئارەزووی خۆی هەڵیسوڕێنێت و تەواو ڕەنگدانەوە و بیری دەستی نووسەر بێت و هەرچۆن بیەوێ بیجووڵێنێت و ڕووداوەکانی پێ بگێڕێتەوە، بەڵکو دەبێت ڕۆماننووس و کارەکتەر ئەڵقەیەکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا هەبێت تا ڕۆمان لە کەسایەتیی بێهێز و نووسینی لاواز بە دوور بگرێت)). (عارف، ٢٠٢٣، ل٥٠-٥١).

هەروەکو لە پێشتریش ئاماژەی پێدرا توخمەکانی ڕۆمان پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانیاندا هەیە، لە نەبوونی یەکێکیاندا بۆشاییەکی گەورە دروست دەبێت لە بنیاتی ڕۆمانەکەدا، لە نێویشیاندا توخمی (کارەکتەر)، کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە نێو ڕۆماندا، چونکە (ڕووداو، شوێن، کات) هەریەکێک لەم ڕەگەزانە ((بەستراوە بەبوونی کارەکتەرەوە و وەک گیانێک دەکرێت بە بەر ئەو سێ جەستەیەدا و زیندوویەتییان پێدەبەخشێت، بێگومان کاریگەریی ئەو سێ ڕەگەزەش بە ئاشکرا لەسەر کارەکتەرەکان دەردەکەوێت، بۆ نموونە بەهۆی شوێنەوە، شوێن و نشینگەی کارەکتەرمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەمەشەوە زمانەکەی ئاشکرا دەبێت و بەهۆی جوڵەی بەردەوامی کاتەوە ئاستی ڕۆشنبیری و لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و چەندین ڕەهەندی تری ژیانی کارەکتەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەهۆی ڕووداوەکانەوە توانای خۆڕاگری و بەرەنگار بوونەوەی کێشەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە)). (بچکۆل، ٢٠١٩، ل٨٤). بۆ نموونە ئەگەر توخمی (کارەکتەر و ڕووداو) تەماشابکەین دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندایە، بەجۆرێک کە کارەکتەر

هەمیشە کردارێک، یاخود بەشدارە لە ڕووداوێک لە ناو ڕۆمانەکەدا، ڕووداوەکان لە ڕێی کارەکتەرەکانەوە پیشاندەدرێن، بۆیە ناکرێت ڕۆماننووس لەیەکتریان داببڕێت و بەشدارییان پێنەکات لە نێو ڕۆماندا، کارەکتەر هەروەکو (میران جەلال) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت: ((ڕەگەزێکە تەواو پەیوەستە بە ڕووداوە، واتە کاتێک کەسێتییەکمان لە دەقێکی ڕۆماندا بەرچاو کەوت (لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ــ زیندوو بێت یاخود مردوو)، ڕاستەوخۆ، لانیکەم کردارێک یان ڕووداوێک ئامادەیی دەبێت، چونکە لە گێڕانەوەدا هەمیشە کەسێتییەکان کردەیەک ئەنجام دەدەن یان کاریگەریی کردارێکیان دەکەوێتە سەر، واتە کەسێتییەکان کاتێک دەبنە خاوەنی پێگەیەک لە بنیاتی دەقی ڕۆمانێکدا، کە ڕووداوێکیان درابێتە پاڵ)). (محەمەد، ٢٠٠٩، ل٣٦). هەر لەبارەی کارەکتەرەوە (لۆک) ئاماژە دەکات بەوەی کە دەڵێت: ((هەستکردنی تاکە بە بوونی خۆی لە ڕێی درێژبوونەوەی کاتەوە، تاک بە هۆی یادەوەری و بیری کارەکانی ڕابردوویەوە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ شناسی کەسایەتی الهویة الشخصیة – خۆیدا هەیە)). (وات، ٢٠٠٩، ل٢٩). لێرەشەوە گرینگی پەیوەندی نێوان (کارەکتەر و کات)مان بۆ دەردەکەوێت. هەروەها بوونی کارەکتەر یارمەتیدەرە بۆ نووسەر بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵ و گرینگی توخمەکانی تر لە نێو ڕۆماندا، ((نووسەر لە ڕۆماندا بەبێ کارەکتەر ناتوانێت ڕۆڵ و گرنگی و ئەرکی توخمەکانی ترمان بۆ بخاتە ڕوو، مەبەست و پەیامەکەی ناپێکێت و بەرجەستە نابێت)). ( بچکۆل، ٢٠١٩، ل٨٤). کەواتە دەتوانین بڵێین: کاراکتەر ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگی نێو دەقی ڕۆمانە، ڕۆماننوس بایەخێکی تایبەتی پێدەدات، هەوڵدەدات پەیوەندییەکی باش دروست بکات لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری ناو دەقەکە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پەیامەی کە لە بیریدایە وەکو خۆی بگەیەنێتە گوێی خوێنەر.

### 2-2-2- کارەکتەر لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش:

لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)دا، ڕۆماننووس ئاماژەی بە ناوی چەندین کارەکتەر داوە، کە ئەم ناوانە ناوی واقیعین، یاخود نزیک لە واقیعن، کارەکتەرەکانیش هەردوو جۆری (سەرەکی و لاوەکی) تێدانە، کە دەڵێت: (مولازم تەحسین) لە واقیعیدا (ملازم محسین) بووە، پیربباڵ کردوویەتی بە (مولازم تەحسین)، کە نزیکە لە ناوە ڕاستەقینەکەی، ((مولازم تحسین گوتی:

– من عارەبم. بەعسیم، زابط ئەمنێکم. وەک خۆتان پێم دەڵێن پیسترین زابط ئەمنی ئەم شارەم)). (پیربباڵ، ٢٠٠٢، ل٥). نووسەر واقیعیەتێکی داوە بەم ناوە، بەوەی، کە لە جیاتی ناوێکی کوردی، یان ناوێکی ئینگلیزی، یان هەر ناوێکی تر بەکاربهێنێت. هاتووە ناوێکی عەرەبی بۆ ئەو کەسایەتییە عەرەبە بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بەوەی کارەکتەرەکان لە کەسایەتییە واقیعییەکانی ئەو سەردەمە وەرگرتووە ((بۆ مولازم تەحسین... بۆ مولازم تەحسین بمێنیتەوە! هەی چاوی کوێر بێ! بۆ مولازم تەحسین بمێنیتەوە!)). (پیربباڵ، ٢٠٠١، ل٢٣). دووبارە کردنەوەی چەندین جار ناوی ئەم کارەکتەرە لە لایەن نووسەرەوە هەرگیز نەبووەتە هۆی ئەوەی، کە نووسەر دوو دڵ بێت لە ناوهێنانی دووبارە و سێ بارە، چونکە ناوەکە نزیکە لە ناوە واقیعەکەی خۆی کە ئەم ناوە بە گوێی خەڵکی سلێمانی و کوردستان ئاشنایە، بۆیە خوێنەر هەست بە بێزاری ناکات لە بیستنی ئەم ناوە، هەروەها پیربباڵ کۆمەڵێک کارەکتەری ناو ناون، کە لە نێو کۆمەڵگای کوردی بە ڕاستەقینەیی ئەم ناوانە بوونیان هەیە و هیچ نامۆ نین بە گوێی خوێنەر، ((ئەختەر جارێکیان پێی بە جەرگی خۆیەوە نا، گوتی:

– جوامێر، من پێموابێ تۆ منت تەنیا بۆ ئیشی حزبی دەوێت و بەس!

جوامێر گوتی:

– چۆن؟

– تۆ من بەکار دەهێنی بۆ مەبەست و ئامانجەکانی حیزب)). (پیربباڵ، ٢٠٠١، ل٤٤-٤٥). هەروەکو دەبینین ناو نانی کارەکتەرێکی سەرەکی نێو کورتە ڕۆمانەکە بە ناوی (ئەختەر) کە ناوێکە هەڵقولاوی ناو کۆمەڵگای کوردییە ناوێکی باو بووە لەو سەردەمەدا، ئەمە وامان لێدەکات کە پەی بەو واقیعیەتی و ڕیالیزمی (ڕووداو و کارەکتەر و شوێن و کات)ی ناو کورتە ڕۆمانەکە ببەین و بە بەرهەمێکی واقیعی لە قەڵەمی بدەین، هەروەها پێمان وایە کە بەکارهێنانی ئەم ناوانە بۆ

کارەکتەرەکان لە لایەن نووسەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر ویستوویەتی بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە و ڕاستەقینەیی ئاماژە بە بارودۆخی سەردەمی ڕژێمی بەعس بکات لە شاری سلێمانی، ((ئەختەر کە جوامێری بە قەد ڕۆحی خۆی خۆش دەویست، گوتی:

– جوامێر گیان، من حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە من ئەو جەربەزەییە ترسناکەی لە ژیانی خۆمدا دەیکەم، هەمووی لە پێناو ئەوەیە کە بە تۆ بگەم!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٤٥-٤٦) هەروەها ناونانی کارەکتەرێکی سەرەکی تری ناو بەرهەمەکەی بەناوی (جوامێر) کە ناوێکی باوی کۆمەڵگای کوردییە. ئەم ناوە بە واتای کەسێکی ئازا و چاونەترسە دێت، کە پیرباڵ بە زیرەکی خۆی توانیویەتی لە ڕێگای ناونانی بەم ناوە ئاماژە بە ئازایەتی پێشمەرگەیەک بکات، کە بە واقیعی بێگومان بوونی هەبووە، واتە پێشمەرگە هەبووە شەوان لە شاخەوە چاونەترسانە و ئازایانە بە مەبەستی جێبەجێکردنی مەرامی سیاسیی حیزبی دادەبەزیە ناو شار، ئەم ناولێنانەش هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوکات ناوێکی واقیعی ناو کۆمەڵگاشە. ((یەعنی، ئەو جوامێرەی تۆ باسیت کرد و خەڵکیش باسی دەکەن کە شەوان دادەبەزێتە ناو شار)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل٩٠). لە شوێنێکی تردا، کە پیرباڵ ئاماژە بە ئازایەتی جوامێر دەکات و دەڵێت: ((ئازاترین ئەو پێشمەرگانەی بە شەو و ڕۆژ دادەبەزنە ناو سلێمانی! جوامێری پاڵەوان کە بۆتە ئەفسانەیەک و هەموو سلێمانی شانازی پێوە دەکات)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل٩٠).

هەروەها ناوهێنانی (پێشمەرگە) کە ناوێکی واقیعی باوە پیرباڵ لە کورتە ڕۆمانەکەدا لە چەندین شوێن ناوی هێناوە ((ئەدی باشە مولازم تەحسین پێت ناڵێ: ئەگەر شووم پێ بکەی، دەتخوازم و دەتبەمە بەغدا؟.

– با! دەڵێ بە یەکجاری سلێمانی بەجێ دێڵین و دەچین لە بەغدا دەژین.

– ئەدی چی؟!

– هەر دەمکوژن!

– کێ دەتکووژێ؟

– پێشمەرگە)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل٤٤). یاخود بەکارهێنانی هەریەکە لە ناوەکانی (مسەللـەحە و قووات خاصە)، کە بە واقیعی ئەم دەستەواژە لەو سەردەمەدا باو بوون ((مولازم تەحسین، زۆربەی شەوان، درەنگ، لەناو مسەللـــەحەیەکی قەبەی تازەدا دانیشتووە سێ مسەڵلـــەحەی پڕ چەکدار و قووات خاصەی دیکەش بەدووایەوە لاشەی بە گوللـــە هەلا هەلا بووی پێشمەرگەیەکی شەهیدکراوی ئەم ئێوارەیەش، بە گوریسێکی ئەستوور بەستراوە بە چەمچەی مسەللـەحەکەوە، بەسەر بۆدیی مسەللـــەحەکەوە شۆڕکراوەتەوەو تک تک هێشتا خوێنی وشکەوە نەبووی ئەم ئێوارەیەی لێ دادەچۆڕێ..)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل٣٥-٣٦). بەکارهێنانی ئەم وشە و دەستەواژانە هیچ نامۆنین بە گوێی خوێنەر، چونکە هەریەکە لەو وشانە باو بوون لە نێو کۆمەڵگا بە واقیعی بەکاردەهاتن، هەروەها (فەرهاد پیرباڵ) کۆمەڵێک کارەکتەری لاوەکی لە کورتە ڕۆمانەکەیدا بەشداری پێکردووە، ئەوانیش دیسان سەرچاوەی ناولێنانەکانیان دەگەڕێتەوە بۆئەو ناوانەی کە لە کۆمەڵگای کوردی باو بوونەو نامۆنین، کە جارێکی تر هەنگاوێکی تر کورتە ڕۆمانەکەی لە واقیع نزیک دەکاتەوە، ((جوامێر لەو کاتەدا ئەوەی بیرهاتەوە کە چۆن، ئەو وەختەی لە گوندی (بەرداوا) بوون، (مامۆستا حەیدەر فەیلی) لەو دیوی بارەگاکەی خۆیانەوە، لەناو بێشەڵانە ڕەنگین و فێنکەکەدا – کە کەوتبووە ناو دۆڵەکە – لە پەنا دیواری ئەو خانووەی کە کردبوویان بە مزگەوت و نوێژیان تێدا دەکرد)).(پیرباڵ، ٢٠٠١، ل٧). ناونانی کارەکتەرێکی لاوەکی بە ناوی (مامۆستا حەیدەر فەیلی) کە ناوێکی نامۆنییە بەگوێ خوێنەری کورد لە واقیعدا بوونی هەیە، یاخود ناو نانی (ئاکۆ ئار پێجی) کە بۆ ئەو سەردەم ناوێکی واقیعی بوو، کە لەو کاتانەدا ئەم جۆرە ناوانە بوونیان هەبووە،جێی هەڵوەستە لە سەرکردن نەبوون، بەڵکو زۆر ئاسایی بوون و ئەم جۆرە ناوانە باو بوون، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ناو کورتە ڕۆمانەکە، ((دوو سێ ڕۆژێک بوو (ئاکۆ ئارپیجی) و تیپە فیداییەکەی، دەستگیر کرابوون کە چووبوون پارێزگاری کەرکووک تیرۆر بکەن)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١٤). یاخود ناو نانێکی تر بە ناوی (عەلی پەڕەشووت) کە ناوێکی واقیعی بوو، نووسەر بە کاری هێناوە ((ئەو ڕۆژە، لە بەیانییەوە تا دەمە و عەسران، دەیانگوت: سێ صەد گەنجی زیاتری ئەم سلێمانییەی قۆڵبەست کردووە و بردوونییەتە ئەمنە سوورەکە.

- کوڕە گەورەکەی ئەم (عەلی پەڕە شووتە) شیان لەگەڵدا بوو کە ئێستا دراوسێتن)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٦).
هەروەها ناوهێنانی چەندین کارەکتەری تری لاوەکی ئافرەت بە چەندین ناوی جیا جیا، کە ئەم ناوانە ناوی واقیعی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردین و هەڵقولاوی نێو کۆمەڵگان، ((ئەختەر بیریەتی: (باجی بەهێ)ی ژنە فەڕاشەکە، هەموو جار کە دەهات پەرداخە ئاوێکی دەدایە دەستی، پێی دەگوت:
- بە قوربانت بم، نۆشی گیانت بێ؛ دەڵێی (کچی کافرۆش)یت؛ ڕەبی پیرۆزی مودیر گیان بیت..!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٨-١٩). دەست نیشانکردنی ناوی کارەکتەرێکی لاوەکی لەلایەن فەرهاد پیربال بەناوی (باجی بەهێ)، بێگومان نووسەر دەیەوێت پەیامەکەی لە بەرگێکی ڕاستەقینەی دا بهێڵێتەوە. هەروەها ناوهێنانی چەند کارەکتەرێکی تری ئافرەت، کە دیسان ناو لێنانەکانیان هەر پەیوەستە بە ناوە کوردییە باوەکانی ئەو سەردەم و لە ناو جەرگەی کۆمەڵگاوە هەڵێنجراون، ((پێش ئەوەی (پوورە ڕەعنای ژنی سەلیم سەرپانی نەوتفرۆش) یان (باجی بناری ژنی مامەندەمۆن)، کە عادەتیان بوو هەندێ ئێواران سەری لێبدەن، لێی بێنە ژوورەوە؛ دەچووە چیمەنەکە، جگەرەیەکی لە نێوان هەردوو پەنجەکانی ڕادەگرت و قاچەکانی بە سەر مێزە بچکۆڵەکەی بەردەمییەوە ڕادەکێشا و لە تویێی چل و گەڵا و لقی دار هەرمێکانەوە تەماشای ئاسمانی دەکرد)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٤٠-٤١). هەروەکو دەبینین ناوی (پوورە ڕەعنا) ناوێکی بەربڵاوە لە شاری سلێمانی، یان ناوهێنانی (سەلیم سەرپانی نەوتفرۆش) دیسان ناوێکی واقیعیە، چونکە لە ناو کورد دا زۆر جاران بە کەسێک دەوترێت (سەر پان)، یاخود (سەر درێژ)، یان بەکارهێنانی نازناوی (نەوتفرۆش)، ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم جۆرە ناولێنانانە هەر هەنە و باون، زۆر جار لە ناو کورددا پیشە بۆتە نازناو بۆ کەسەکان، یاخود (باجی بنار)، ئەمەشیان هەرناوێکی واقیعی و ئاشنایە، هەروەها بەکار هێنانی نازناوی (مۆن)، کە دەڵێت (مامەندە مۆن)، لە شوێنکیتری کورتە ڕۆمانەکەیدا فەرهاد پیربال ناوی دوو کارەکتەری لاوەکی تری هێناون بەناوەکانی (ئامەی عەزە قۆڵبڕ و بەدیعە بنێشت)، ناوونانی هەریەکە لەمانە بە گوێی خوێنەری کورد ئاشنان، چونکە کە دەڵێت: (ئامەی عەزە قۆڵبڕ) کە ناوی ئافرەتێکە کچی پیاوێکە، یاخود ژنی پیاوێکە، کە نازناوی (قۆڵبڕە)، کە ئەم نازناو و بەکارهێنانی ئەم وشەیە ڕۆژانە گوێبیستمان دەبێت و قسەیەکی باوی ناو کۆمەڵگای کوردییە، بە کەسێک دەگوترێت کە فێڵ زان بێت، یاخود لە مامەڵەکردندا زیاد لە پێویست داوای قازانج بکات، یاخود کە دەڵێت: (بەدیعە بنێشت) کە مەبەستی ئافرەتێکە زۆر (بنێشت) بەکاردەهێنێت، کە ئێستاش لە کۆمەڵگادا کەسێک بنێشت زۆر بەکاربهێنێت، دەڵێن ئەم کەسە بەردەوام بنێشت لە دەمیدایە، ((ئامەی عەزە قۆڵبڕ، لەگەڵ بەدیعە بنێشت ئەمە حالیانە: لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەبەر دەرگای حەوشە دادەنیشن و باسی ئەختەری بەستەزمان دەکەن!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٦٣). بەکارهێنانی ئەم جۆرە ناو نازناوانە لە کۆمەڵگای کوردیدا باو و بڵاون، پیربال ویستویەتی لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە کورتە ڕۆمانەکەی لە بەرگێکی واقیعیدا پیشانی خوێنەر بدات.
لە واقیعی کوردەواریدا کلتورێک هەیە کە ئەویش ناوبردنی کەسەکانە لەگەڵ نازناودا. نازناوەکانیش هەندێکیان پیشەکانیانە، وەکو: (دارتاش، ئاسنگەر، بۆیاخچی، هەلاج، پینەدۆز،... هتد). هەندێکیان نازناوی کەسەکانە بەپێی ڕوخساریان (سەرپان، سەرخڕ، لووتە، چاوزەق، چاو جوان، شەل، گۆج). هەندێکی تر بەهۆی ئاکار و ڕەوشتەوە نازناویان بۆ دروست بووە: (درۆزن، فشەکەر، قۆڵبڕ، ژنانی پیسکە...هتد). ئەم کورتە ڕۆمانە وێنای ئەم کلتورە واقیعیەیەی کوردی کردووە.

### 2-3-1- شوێن:

شوێن لە ڕۆماندا بەهەمان شێوەی مرۆڤە، چۆن مرۆڤ بەبێ شوێن نابێت، بەهەمان شێوە ڕۆمانیش بەبێ توخمی شوێن نابێت. هەریەکە لە توخمەکانی کارەکتەر و ڕووداو پەیوەندییەکی پتەو بە شوێنەوە دەیانبەستێتەوە، بەجۆرێک کە هیچ کامیان ناتوانن لە ناو ڕۆماندا مانا بدەن، ئەگەر شوێنێک نەبێت بۆ ڕۆڵبینینی کارەکتەر و شوێنێک نەبێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان، ((شوێن کاریگەرییەکی هزری و مادی بەسەر کەسایەتییەکانەوە هەیە و پانتایی و شانۆی سەرەکیی ڕووداوەکان پێکدەهێنێت)). (ڕەحمان، ٢٠١٤، ل٥٢). شوێن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پێکهاتەی ڕۆماندا ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەکو (د. ئاوارە کەمال صالح) دەڵێت: ((شوێن بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی بونیادی ڕۆمان

دادەنرێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کاتێک لە ڕۆماندا کەسایەتی و ڕووداو و کات هەبێت. ئەوا ئەم ڕەگەزانە پێویستییان بە پانتاییەک هەیە بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو یەکانە لە خۆ بگرێت و پێکەوە کۆیان بکاتەوە)). (صالح، ٢٠٢٠، ل٥٩٨). هەر لە بارەی گرنگی شوێنەوە (د. تانیا ئەسعەد محەممەدسالح) دەڵێت: ((شوێن بەشێکی گرنگ لە کاری ڕۆمان پێکدێنێ، ئەو توخمەیە کە هیچ شتێک بێ ئەو ڕوونادات. پشتگوێ خستنی شوێن و فەرامۆش کردنی لە ڕۆماندا، کەم و کوڕی لە دەقەکەدا دروست دەکات و کەلێن دەخاتە نێو بینای هونەری ڕۆمانەوە، هاوکات ڕۆمان گەر لە ئامێزگرتنی شوێن دوور کەوتەوە، لایەنە ڕیالیزمییەکەی لەدەست دەدات)). (محەممەدسالح، ٢٠١١، ل٤٥). دەتوانرێت بگوترێت شوێن کەرستەیەکی بەهادارە بۆ ژانرە جۆر بە جۆرەکانی ئەدەب، نووسەر ناتوانێت لە بەرهەمە ئەدەبییەکەیدا دەست بەرداری ببێت، ناتوانێت بەبێ شوێن دەقێکی ئەدەبی تەواو بەرهەم بهێنێت، ((شوێن بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو جۆرەکانی ئەدەبە، توخمێکی گەوهەرییە لە بەرهەمی شانۆ و چیرۆک و ڕۆماندا، لە نێو شانۆگەری شیعریشدا ڕۆڵێکی سەرەکی و گەوهەری هەیە، چونکە دەبێت شوێن و کاتی دەستنیشان بکرێت، ڕۆڵی شوێن دەچێتە نێو توخمەکانی شانۆگەرییەوە و لەگەڵ توخمی شیعریدا یەکدەگرن، هەروەک چۆن ئەرستۆ یەکەکانی شانۆگەری بەم شێوەیە دەستنیشان کردووە: (کات، شوێن، بابەت، توخمەکانی شیعر)، کەواتە شوێن بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو کارەکانی گێڕانەوەیە، بایەخدان بە شوێن و مەودای جوگرافی و هێمایی و بەرجەستەکردنی لە هەموو هونەرەکاندا، هەریەکەیان بەپێی بوار و پانتایی خۆی بەدی دەکرێت)). (محەممەدسالح، ٢٠١١، ل٤٦). کەواتە شوێن تەنها لە ناو ژانری ڕۆمان ڕۆڵ نابینێت، بەڵکو لە ناو جۆرەکانی تری ئەدەبیش ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەیە و بە توخمێکی گرنگ دادەنرێت، پشت گوێخستنی دەبێتە کەلێنێکی گەورە، بەتایبەتی لە ناو ژانری ڕۆماندا.

## 2-3-2- شوێن لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش:

شوێن وەکو ئاماژەی پێکرا، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە ناو ڕۆماندا، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆمانەکە مۆرکی ڕیالیزمی پێوەبێت و باس لەو ڕووداوانە بکات، کە لە ناوچەیەکی دیاریکراو و سەردەمێکی دیاریکراو ڕوویان داوە. لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)ی (فەرهاد پیرباڵ)دا، توخمی شوێن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە نێو کورتە ڕۆمانەکەدا، شوێن لەم کورتە ڕۆمانەدا باوەشی خۆی کردۆتەوە بۆ هەموو ئەو کارەکتەر و ڕووداوانەی کە جێگەیان بۆ کراوەتەوە لە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکەدا، لەبەر ئەوەی کورتە ڕۆمانەکە ڕیالیزمییە، هەربۆیەشە ئەو شوێنانەی کە ناویان هاتووە ڕاستەقینەن و شوێنی دیارن لە شاری سلێمانی، بۆ نموونە پیرباڵ لە کورتە ڕۆمانەکەیدا ناوی (مزگەوتی گەورە)ی هێناوە لە شاری سلێمانی، کە ئەمە شوێنێکی واقیعیە و خەیاڵی نییە، نووسەر ئاماژەی بە ڕووداوێک کردووە لەم شوێنە ڕوویداوە، هەروەکو ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: ((قومبەڵەیەک لەبەردەم مزگەوتی گەورە تەقابۆوە)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١٣). مزگەوتی گەورە شوێنێکی دیارو ناسراوی شاری سلێمانییە. یاخود (مەعمەلی جگەرە)، دیسان شوێنێکی تری واقیعیەو نووسەر ناوی هێناوە، ((قومبەلەیەکی دیکەش فڕی درابووە ناو مەعمەلی جگەرەکە و هەژدە کەسی کوشتبوو )). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١٤). هەروەها یەکێک لەم شوێنانەی کە لە کورتە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بووەتە سەرەتایەک بۆ دروست بوونی پەیوەندی نێوان هەریەکە لە دوو کارەکتەرە سەرەکییەکان (جوامێر و ئەختەر)، کە لەم شوێنە ئاشنای یەکتری بوون، ئەویش (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی) بوو، ((ئەختەر کاغەزێکی بەدەستەوە بوو کە بریتی بوو لە فەرمانێکی وەزاری بۆ تەعین بوونی ئەختەر لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی؛ لە دەرگای نوسینگەکەی جوامێری دا)). (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل١٣). ئەم شوێنە بووە سەرەتایەک بۆ بەرەو پێشچوونی کورتە ڕۆمانەکە، چونکە بە هۆی ئەم یەکتر ناسین و لە یەکتر نزیک بوونەوەیە لەم شوێنەدا، چەندین ڕووداو و کارو چالاکی هاتوونەتە ئاراوە. مەبەستی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی ئەم شوینە واقیعییانەی شاری سلێمانی، دووپاتکردنەوەیەتی لە ڕیالیزمی کورتە ڕۆمانەکە و پیشاندانی شوێنەکانە وەکو خۆی بۆ خوێنەر، هەروەها (ئەمنە سوورەکە)، کە شوێنی ئەشکەنجەدان وئازاردانی هەموو ئەو گیراوانە بوون کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیر دەکران و ڕاپێچی ئەم شوێنە دەکران، ((هەر ڕۆژێکیشە، ئەم وەرەقە و مەرەقە و بەیان مەیانانەی لە دەست دەگیرێت و سەریشی بە فەتارەت

دەچێ لە سەر جوامێر! ئیدی، هەموو ژیانی لە ناو ئەمنە سوورەکە دەڕژێتەوە)).(پیربال، ٢٠٠١، ل٦٦). هەروەها ئاماژەدان بە ناوی گەڕەک وەکو شوێنی ڕاستەقینە لەناو کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)دا، بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت و ئەو گەڕەکانەش شوێنی واقیعین لە شاری سلێمانی، هەروەکو دەڵێت: ((لە کاتژمێر حەوتی ڕێکدا بگاتە بەردەم ماڵی (سمە لووتە) لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا، لای خەستەخانەی شیرەکە)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٧٥). لێرەدا گەڕەکی (ئیبراهیم پاشا) گەڕەکێکی دیاری شاری سلێمانیە. هەروەها (خەستەخانەی شیرەکە)ش بە هەمان شێوە خەستەخانەیەکی کۆنی ئەم شارەیە و لە سەر جادەی ئیبراهیم پاشایە. فەرهاد پیربال لە پێناو بە ڕیالیزم کردنی کورتە ڕۆمانەکی پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی ناوی شوێنی جیاجیا لە شاری سلێمانی، کە هەموو ئەو شوێنانەی ناوی هێناون شوێنی ڕاستەقینەن، ((جوامێر کاتێ کەوتە سەر شەقامەکە، لە دوورەوە تەماشای ئەو بەری کرد، دیتی: بەردەرکی کۆڵانەکەی لای حەمام نالی-کە بەرەو ماڵی ئەختەر دەچێت - پیکابێکی درێژی پڕ لە جەیشی شەعبی و قووات خاصەی لێ ڕاوەستابوو)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٩٩). هەروەکو دەبینین (حەمام نالی)*[1] ناوی شوێنێکی ڕاستەقینەیە و نووسەر بەکاری هێناوە.

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت: توخمی شوێن لە ناو ڕۆماندا یەکێکە لە توخمە سەرەکی و گرنگەکانی ڕۆمان و بەبێ بوونی ئەم توخمە هەریەکە لە توخمەکانی تر ناتوانن ڕۆمانێکی سەرکەوتوو و تەواو بەرهەمبهێنن، چونکە ئەگەر شوێنێک نەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕووداوەکان و هاتن و چوونی کارەکتەرەکان، ئەوا ڕۆمانەکە هەڵناسووڕێ و تەواو نابێت. هەروەها شوێنیش بە تەنها، ئەگەر کارەکتەر و ڕووداو نەبن، هیچ مانایەکی نابێت و ڕۆمان پێک نایەت، بۆیە توخمەکانی ڕۆمان تەواوکەری یەکترین و بە نەبوونی یەکێکیان کەلێنێکی گەورە لە ڕۆمانەکە دروست دەبێت.

## 2-4-1- کات:

کات یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی ڕۆمان و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی پێکهاتەی ڕۆماندا، بەهۆی کاتەوە دەتوانرێت سەردەمی ڕوودانی ڕووداوەکان دیاری بکرێت و یارمەتی خوێنەر دەدات، کە لە پاشخانی مێژوویی ڕووداوەکان تێبگات، ڕۆماننووس پێویستە ڕێکخراوی کات لە بەر چاو بگرێت، هەر بۆیە ئەگەر لە ڕۆماندا باس لە ڕووداوێک بکرێت، ئەوا پێویستە ئەو ڕووداوە بە پێـی کات ڕێکبخرێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمان و کات پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ((کات پانتایی و شوێنێکی فراوان لەناو ڕەگەزەکانی ڕۆماندا داگیر کردووە، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەسەر کارەکتەرەکاندا دێن، پێویستیان بە کاتە بۆ ئەنجامدانیان، هەر بۆیە لەگەڵ ڕووداویشدا وەک دوانەیەکی یەکانگیر دەردەکەون، واتە بەهۆی کاتەوە، کارەکتەر ڕووداوەکان دەگۆڕێت، تەنانەت شوێنیش دەگۆڕێت، بەمەش ڕەوتی ڕووداوەکان لە کات و شوێنێکی تایبەتیدا، جوڵەیەکی داینامیکییان پێدەبەخشرێت و وێنەکانی ژیانیان تیادا ڕەنگ دەداتەوە و واقیعیانە دەردەکەون)). (بچکۆل، ٢٠١٩، ل٨٥).

کات وەکو پێوەرێکە، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیانی خۆی سوودی لێ بینیووە، کات ((ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە و هەمیشە لە ژیانی مرۆڤدا پێوەری کردەوەکانی بووە، بەو پێیەی (چرکە و خولەک و کاتژمێر و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ) پێوەرێکن لەگەڵ بوونیدا ئاوێتە بوون، بووەتە سێبەرێکی بەرجەستە و تەمەنی کارەکتەر و ڕووداو و شوێن دەپێوێت، مرۆڤیش خوڵقێنەری ڕۆمانە بۆیە بە پێـــی کات هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکانیدا دەکات)). (محمد، ٢٠٢٢، ل٤٢). کات پەیوەند بە هەموو توخمەکانەوە هەیە، پەیوەندیەکی توند و تۆڵیشی بە توخمی ڕووداوەوە هەیە، چونکە ڕووداوەکان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، ((پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان کات و ڕووداودا هەیە. واتە

---

*[1](حەمام نالی) جگە لەوەی حەمامێکی ئەو سەردەمە بوو، کە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەی لە خۆ گرتووە. لە بیرەوەری خەڵکی ئەم شارەدا هەرگیز لە یاد ناکرێت، چونکە لە بەردەم ئەم حەمامەدا (١١) گەنجی بێتاوان ڕەمی کران. هەر بۆیە پێدەچێت پیربال بێ هۆ ئەم شوێنە واقیعییەی هەڵنەبژاردبێت، بەڵکو ڕەنگە ئەم ڕووداوە هۆکاری ناوبردنی ئەم شوێنە بێت.

ڕووداوەکان لە میانەی کاتدا ڕوو دەدەن، بەم پێیە هەر ڕووداوێکیش کاتێکی دیاریکراوی هەیە. لێرەوە ڕۆڵی کات بریتییە لەوەی کە ڕووداوەکان بۆ قۆناغ و سەردەمی ڕوودانیان بگێڕێتەوە، بەڵام جۆر و شێوەی ئەم پێوەندییە لە نێوان ڕۆمانی تەقلیدیی و نوێدا جیاوازە. واتە لە ڕوانگەی ڕۆماننووسە تەقلیدییەکانەوە کات بریتییە لە ڕابردوو. واتە ڕۆماننووسەکان ڕووداوەکانیان بە جۆرێک دەگێڕایەوە. کە تەواو بووە و بەسەرچووە، هەر بۆیە زیاتر پابەندبوون بە شێوازی بەکارهێنانی کاتی زنجیرەیی و ڕەچاویی بە دوای یەکداهاتنی کاتییان دەکرد. وەکو چۆن لە واقیعدا هەیە، بەڵام ئەم تێڕوانینە بۆ کات لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا وەک خۆی نەمایەوە، بەڵکو کات پێگەیەکی گرنگ تری وەرگرت و زیاتر بووە جێی بایەخ لای ڕۆماننووسانی شەپۆلی هۆش. واتە دەیانویست کات لە ڕوانگەی زەینەوە پێشکەش بکەن. بەم پێیەش پەنایان بۆ کاتی زەینی نێو هزریی کەسایەتی دەبرد، بەم جۆرەش ڕیزبوونی زنجیرەیی کات تێکدەشکێت و کات بەرەو دنیای ناوەوەی کەسایەتی ئاراستە دەبێت)). (صاڵح، ٢٠٢٠، ل٥٠٩). کەواتە کات لە لایەن ڕۆماننووسانەوە لە دوو ڕوانگەوە سەیر دەکرا، ڕۆماننووسە تەقلیدیەکان پێیان وابوو، کات بریتییە لە ڕابردوو، واتە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە کاتی ڕابردوو ڕوویانداوە، ڕۆماننووسە هۆشەکییەکانیش، واتە ئەوانەی کە بە زەین و ئاگاییەوە بیریان دەکردەوە و گرنگیان بەو کاتە دەدا کە لە زەین و هزری کەسایەتییەکاندایە. پەیوەندی نێوان هەریەکە (لە کات و ڕووداو) پەیوندییەکی تەواوکارییە، بەو مانایەی لێکۆڵینەوە لە هەریەکەیان بەبێ ئەوەیتر لێکۆڵینەوەیەکی دروست دەرناچێت و خەوش و کەموکوڕی تێدا دروست دەبێت. کات پەیوندیەکی پتەویشی هەیە لەگەڵ توخمی (شوێن) لە ناو ڕۆماندا، لەم بارەیەوە (د. تانیا ئەسعەد محەممەدسالح) دەڵێت: ((پەیوەندییەکی گەوهەری و دوو لایەنە هەیە لە نێوان کات و شوێندا، مەحاڵە شوێن لە کات جیابکرێتەوە. ناتوانرێت وێنای یەکێکیان بێ ئەوی تریان بکرێت، لەم گەردوونە گەورەیەدا شوێن لە کات جیا نەبۆتەوە، وەک دوو یەکەی پێکەوە لکاوی سەربەخۆن. بۆیە باسکردنی یەکێکیان پێویستی بە باسی ئەوی تریان هەیە)). (محەممەدسالح، ٢٠١١، ل١٤٨). کەواتە کات یەکێکە لە توخمەگرنگەکانی ناو ڕۆمان، بۆ سەرکەوتنی ڕۆمانەکە و تەواوکردنی ڕۆمانەکە پێویستە، چونکە لە نەبوون و ئاماژە نەدان بە کات لەنێو ڕۆماندا، ناتەواوی و کەلێن دروست دەبێت.

### 2-4-2- کات لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش:

لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)دا، کات گرنگیەکی زۆری هەیە، لە ئاماژەدان بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان و دەستنیشانی ئەوکاتە دەکات، کە کردەوەکانی تێدا ڕوویانداوە، پیربال لە کورتە ڕۆمانەکەیدا ئاماژەی بە چەندین کاتی جیاجیا کردووە، کە تێیدا وەکو فاکتەرێک و یارمەتیدەرێک بەکاریهێناوە بۆ بەرەو پێشبردنی کورتە ڕۆمانەکەی، کە ناکرێت بەبێ ئاماژەدان بەم کاتانە بەردەوامی بدەی بە گێڕانەوەکە، بۆ نمونە پیربال لەم دەقەیدا، کە بە ئاماژەدان بە کاتێکی دیاریکراودا دەڵێت: ((ئەختەر ئەو نیوەڕۆیە، وەک دەیان نیوەڕۆی دیکە، دەعوەتی مولازم تەحسینی کردبوو: کفتەی سابوونکەرانیی بۆ لێنابوو)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٣٨). لێرەدا بە ئاماژەدان بە کاتی (نیوەڕۆ) دەستنیشانی ئەو کاتە دەکات، کە مولازم تەحسینی تێدا دەعوەت کردووە، ئەگەر هاتوو نووسەر کاتی نیوەڕۆی یاخود هەرکاتێکی تری ڕۆژ و شەوی دیاری نەکردبا، ئەوا نەدەزانرا مولازم تەحسین لە چ کاتێکدا دەعوەتکراوە، هەروەها لە واقیعی کورتە ڕۆمانەکەشی کەمدەکردەوە، چونکە بەهۆی دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو بەرهەمەکەی لە ڕیالیزمی نزیک کردۆتەوە. گێڕانەوەش وێنەیەکی جوڵاوە، جوڵەش بە مانای بوونی زەمەنە. زەمەن جێگیر نیە، جوڵاوە، کەواتە هیچ پرۆسەیەکی گێڕانەوە بەبێ کات دروست نابێت. هەروەها ڕۆماننووس ئاماژە بەکاتێکی تر دەکات و دەڵێت: ((ئەختەر هەموو مانگی جارێک، یان دوو هەفتە جارێک چاوەڕوانیی جوامێری دەکرد؛ نیوە شەوێکی درەنگ لە دەرگا بدات! ئەختەر بە خشپە، بەئەسپایی، دەچوو دەرگای لێدەکردەوە، هەر لەناو دەرگا، پڕ بە دڵ، جوامێری لە هەمبێز دەگرت)).(پیربال، ٢٠٠١، ل٤٣). هەروەکو دیارە سێ کات لەم دەقەدا ئاماژەی پێکراوە (مانگ و هەفتە و نیوەشەو)، کە سێ کاتی جیاوازن و کاتی هاتنی (جوامێر) دیاریدەکات بۆ لای ئەختەر. نووسەر لە شوێنێکی تردا ئاماژەی بەکاتێکی تر کردووە، ئەویش کاتی (ئێوارە)یە، کە دەکەوێتە دوای (عەسر)، کە تێیدا باس لە گفتوگۆیەکی ڕۆژانەی بەردەوام دەکات، کە هەریەکە لە کارەکتەری سەرەکی

(ئەختەر) و کارەکتەری لاوەکی (باجی بناری مامەندە مۆن) لەم کاتە دیاریکراوەدا ئەنجامی دەدەن، هەروەکو پیربال دەڵێت: ((هەموو ئێوارەیەک، کاتێک باجی بناری مامەندە مۆن لەگەڵ ئەختەر یەکانگیری یەکتر دەبوونەوە، ئەم دیمەن و گفتوگۆیە بنبەستە، هەمیشە دووبارە دەبۆوە؛ نەدەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. لە کۆتاییدا، ناچار، باجی بنار دەستی دەدایە عەباکەی خۆی و دەیگوت:

– دەی، کچم؛ من هەڵدەستم دەڕۆم. خوا چۆنی چاکە، ئاوهات بە نسیب بکا، یا ڕەبــبـی!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٥١).

کات وەکو توخمێکی گرینگ کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هەڵسوڕان و بەرەوپێش بردنی ڕۆماندا، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ توخمەکانی تر، وەکو لێرەدا دەردەکەوێت، ((جوامێـــر زۆر حەزی دەکرد بچێ سەرێکیش لە ئەختەر بدات، بەڵام کە تەماشای کاتژمێری کرد: شەش و چل و پێنج دەقیقە بوو. هێشتا خەبەری نەبۆتەوە! جگە لەوەش دەبوایە لە کاتژمێر حەوتی ڕێکدا بگاتە بەردەم ماڵی (سمەلووتە) لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا، لای خەستەخانەی شیرەکە بۆ ئەوەی هەر پێنج صەد دانەی بەیاننامەکەیان تەسلیم بکات و بە زووترین کات بگەڕێتەوە شاخ!)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٧٥). لێرەدا ڕاستی و دروستی گرنگی کات دەردەکەوێت. بە دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو، تۆکمەی و بەهێزی پەیوەندی نێوان هەردوو توخمی (کات و شوێن) بەدیار دەکەوێت، کە پەیوەندیەکی پتەوییان لە نێواندا هەیە، بەوەی کە دەڵێت کاتژمێر (حەوت)ی ڕێک بگاتە شوێنێک ئەویش بەردەم (ماڵی سمە لووتە)یە لە گەڕەکی (ئیبراهیم پاشا)، کەواتە ئەم کاتە دیاریکراوە پەیوندییەکی تەواوی هەیە بەو شوێنە دیاریکراوە، بەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەبێتەوە، کە (کات و شوێن) دوانەیەکی لەیەکتر دانەبڕاون. هەروەها ئاماژەدان بە کاتێکی تر لەنێو کورتە ڕۆمانەکەدا، ((لە ساڵی ١٩٨٥، دووای ئەوەی چوار ساڵ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی لە دەستدا بوو، دەرکەوت خەت مایلەو لە پێناو پێشمەرگە بە کرێگیراوەکان کار دەکات)). (پیربال، ٢٠٠١، ل٨٨). نووسەر لە ڕێگای ئەم کاتەی کە ئاماژەی پێکردووە، بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە کە جگە لەوەی (جوامێر) بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمان بووە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیدا، لە هەمان کاتیشدا لە ژێرەوە بە نهێنی بۆ پێشمەرگە ئیشی دەکرد.

کات هەمیشە ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی هەیە لە ڕێکخستن و بەدوای یەک داهاتنی ڕووداوەکان، لە ڕێگەی کاتی دیاریکراوەوە دەتوانرێت ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکان ڕوو بدەن، وەکو لێرەدا کە جوامێر بە ئەختەر دەڵێت: ((من ئەم شەو هاتووم لە نهێنی و پرۆژەیەکی زۆر گرنگ ئاگادارت بکەمەوە)). (پیربال، ٢٠٠١، ل١٠٣). دیارە کاتی (شەو) بۆ جوامێر هەمیشە ئەوکاتەیە کە دەتوانێت بگاتە لای ئەختەر. کەواتە کات وەکو توخمێکی دیار و جیا نەبووەوە لە توخمەکانی تر ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەی هەبووە لە بەئامانج گەیاندنی ئەو بیرۆکەیەی کە (فەرهاد پیربال) لە ڕێگەی ئەم کورتە ڕۆمانەوە ویستویەتی بیگەیەنێت بە گوێی خوێنەری کورد.

## ئەنجام:

1- هەریەک لە توخمەکانی (ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات) ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە ناو کورتە ڕۆمانەکەدا، نووسەر لە ڕێگەی ئەم توخمانەوە توانیویەتی وێنەیەکی ڕاستەقینە لە ژیانی خەڵکی سلێمانی لە سەردەمێکی دیاریکراودا پیشانبدات، کە ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات باشتر لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو سەردەمە تێبگات.

2- بوونی ڕیالیزمی سیاسی، لە کورتە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش) دا بە وردی وێنای واقیعی سیاسی سەردەمی بەعس لە شاری سلێمانی کراوە، بەتایبەت لە ڕێگەی کارەکتەرەکان، (جوامێر) و (مولازم تەحسین). هەروەها بوونی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی، لە کورتە ڕۆمانەکە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بە تایبەتی دۆخی ئافرەت دەخاتەڕوو. لە ڕێگەی کارەکتەری سەرەکی (ئەختەر).

3- فەرهاد پیربال بۆ بەهێزکردنی ڕیالیزمی بەرهەمەکەی، ناوی کارەکتەرەکانی لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی وەرگرتووە، بەمەش تا ڕادەیەک توانیویەتی ئەمانجەکەی بەدی بێنێت و ڕووەو ڕیالیزمی هەنگاو بنێت.

4- بەکارهێنانی دەستەواژە و ناوی سەردەمی بەعس وەک "مسەلـلـەحە"، "قووات خاصە" و "پێشمەرگە" واقیعی مێژوویی و سیاسی سەردەمەکەی پاراستووە، کە ئەمەش بەرهەمەکەی کردووە بە دۆکیومێنتێکی ئەدەبی بۆ وێناکردنی ئەو قۆناغە

سیاسییە. ناو و نازناوە واقیعییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر خوێنەر بۆ دروستکردنی هەستی ئاشنایەتی و باوەڕپێکردن، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورتە ڕۆمانەکە سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی بەعس.

5- ، کورتە ڕۆمانەکە وێنەیەکی ڕاستەقینە پیشان دەدات لە پەیوەندی نهێنی نێوان شار و شاخ، شێوازی گەیاندنی زانیاری و بڵاوکراوەکان، ڕفاندنی بەرپرسانی بەعس. هەروەها چۆنیەتی پەیوەندی نێوان پێشمەرگە و خەڵکی ناوشار لە ڕووی سیاسی و کۆمەکی ماددی.

6- ڕۆماننووس لە نێو کورتە ڕۆمانەکەیدا کاتی وەکو ئامرازێکی هونەری بەکارهێناوە، بۆ ڕێکخستن و بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان. هەروەها پەیوەندیەکی پتەویش بەدیدەکرێت لە نێوان هەریەکە لە توخمی شوێن و کات، وەکو دوانەیەکی لەیەکتر دانەبڕاو بەکاریهێناون.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم : کتێب :**

**1- بە زمانی کوردی:**

- پیرباڵ، د.فەرهاد (٢٠٠٤)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس.
- پیربال، فەرهاد (٢٠٠١)، مولازم تەحسین و شتی تریش، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی داناز.
- پیربال، فەرهاد (٢٠٢٠)، هوتێل ئەورووپا، چاپی سێیەم، ئێران، چاپخانەی تاران.
- حوسێن، هیمداد (٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- رەسول، د. شوکریە (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، أربیل، مطابع التعلیم العالی.
- رەحمان، عەبدوللا، (٢٠١٤)، بنیاتی گێرانەوە (چەند لێکۆلینەوەیەکی ئەدەبییە لە بارەی چیرۆک و رۆمان و رۆمانە شیعر)، چاپی یەکەم ، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
- سابیر، د. پەرێز (٢٠٠٦)، رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپ و بلاوکراوەی دەزگای ئاراس.
- صالح، د. ئاوارە کەمال (٢٠٢٠)، شێواز لە رۆمانی کوردیدا (رۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور بە نمونە)، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە.
- شێخانی، جەوهەر (٢٠١٤)، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (حسین عارف)دا، چاپی یەکەم،هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات.
- عبدالقادر، کەیفی ئەحمەد (٢٠١٣)، ریالیزم لە شانۆی کوردیدا، هەولێر، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی هەولێر.
- کەریم، د. ئازاد عبدلواحێد (٢٠٠٨)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، کەرکوک.
- محەممەدساڵح، تانیا ئەسعەد (٢٠١١)، بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی رەنج.
- وات، ئەیان (٢٠٠٩)، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، و. ڕەووف بێگەرد، چاپی دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- وێبستێر، راجێر (٢٠٠٦)، توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی(پێناسەیەکی پوخت)، و. عبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ئەرەستۆ (٢٠١١)، هونەری شیعر(شیعر ناسی)، و. عەزیز گەردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

**2- بە زمانی عەرەبی:**

- اسماعیل، عزالدین (٢٠١٣)، الأدب وفنونه، القاهرة، دار الفكرةالعربي.
- التكريتي، جميل نصيف (١٩٩٠)، المذاهب الأدبيه، بغداد، الطبعه الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة.
- القضاء، د. محمد أحمد ( ٢٠٠٠ )، تشكيل الروائى عند نجيب محفوظ، الطبعة الاولى، الاردن، عمان، مطبعة الجامعة الاردنية.
- بطرس، د. انطونيوس (٢٠٠٥)، الادب ( تعريفه – انواعه – مذاهبه )، لبنان، طرابلس، المؤسسة الحديثة للكتاب.
- دراج، د.فيصل (١٩٨٩)، الواقع والمثال، بيروت، دار الفكر الجديد.
- رسول، عزالدين مصطفى (٢٠١٠)، الواقعية في الادب الكردى، الطبعة الثانية، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
- عشماوى، محمد زكى (١٩٨٠)، الأدب وقيم الحياة المعاصرة، بيروت، طبعه الأولى، دار النهظة.
- غاتشيف، غيورغى (١٩٩٠)، الواعي والفن دراسات في تاريخ الصورة الفنيه، الكويت، سلسة عالم المعرفة.
- مصطفى، فائق، و على، عبدالرضا (٢٠٠٠)، في النقد الأدبي الحديث ـ منطلقات و تطبيقات، الطبعة الثانية، الموصل، نشر و طبع و توزيع دار الكتب

للطباعة والنشر.
– مورينو، سيزار فرناندث (١٩٩٨)، أدب أمريكا الاتينية قضيا و مشكلات، ترجمة. احمد حسان عبدالواحد، الكويت.
– ويلك، رينية (١٩٨٧)، مفاهيم نقدية، ترجمة. محمد عصفور،طبعة الاولى، كويت، مطابع الرسالة.

**دووەم– نامە ئەكادیمییەكان:**

– بچکۆل، ئاهەنگ شەفیق حەمە ( ٢٠١٩ )، گوتاری جەستە لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو سالآنی (١٩٩٥ــ ٢٠٠٥)، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
– بكر، خەندە حاجی (٢٠٢٣)، ڕیالیزم لە کۆ چیرۆکی ( هەلۆ )ی ( ڕەئوف بێگەرد )دا، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە.
– عارف، تانیا عبدالقادر ( ٢٠٢٣ )، جەنگ و داگیرکاری و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانەکانی (کەوتنی بۆرە قەلآ لە حیکایەتێکی کۆندا، مەرگی مەیموون)ی ماردین ئیبراهیمدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
– عومەر، سامان عوسمان (٢٠١٠)، ڕیالیزم لە شیعری بێکەسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
– عەلی، حسێن سابیر (٢٠٠٨)، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان.
– گەرمیانی، عادل مەجید محەمەد (١٩٩٦)، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە.
– محمد، خالد عبدالكريم معروف (٢٠٢٢)، بنەما هونەرییەکان لە ڕۆمانی (دەغدو)ی خەسرەو جافدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی.

**سێیەم– گۆڤار:**

– شارەزا، کەریم، گۆڤاری نووسەری کورد، دڵدار و شیعری ڕیالیزم، ژمارە (١٢)، خولی دووەم، ئابی ١٩٨٣.
– قادر، د. کارزان موحسین، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ڕەنگرێژکردنی جووت ڕێچکەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی و ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە ڕۆمانی (پێشمەرگە)ــــــی ڕەحیمی قازی دا، ژمارە ٥٠، ٢٠٢٢.
– مجید، سەردار فائق، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی "ڤیکۆنتی دوو لەتبوو"ی ئیتالۆ کالڤینۆ و ڕۆمانی "جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد"ی بەختیار علی دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول (١٠) ژمارە (٤)، ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣.
– نجم الدين، نجم خالد، کاریگەریی ڕووداو لە سەر بنیات و ناسنامەی کارەکتەر لە ڕۆمانی (لالەکانی لالش)دا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول (١٠) ژمارە (٣)، ڕەزبەری ٢٠٢٣.

**چوارەم– سایتی ئەلیکترۆنی:**

– https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=46389.٢٠٢١/٦/١٤، سەباح،گۆران، کارەکتەرسازی لە نێو ڕۆماندا
– https://dengekan.ca/archives/23528٢٠١٢/١١/١٧، مەنتک، حەمە، قالبی هونەری توخمی ڕووداو

**الواقعية في رواية "الملازم تحسين وأشياء أخرى" لفرهاد بيربال**

**هـۆشەنگ دینۆ میرک**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين-أربيل، إقليم كوردستان،العراق
hoshang.mirk@su.edu.krd

**تانيا ئەسعەد محەممەدساڵح**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين- أربيل، إقليم كوردستان،العراق
Tanya.mohammad@su.edu.krd

**الملخص**
يتناول هذا البحث وضعاً حقيقياً في فترة زمنية محددة في مدينة السليمانية من خلال رواية قصيرة لـ(فرهاد بيربال)، وهو عمل واقعي يتحدث عن ذلك الواقع الذي كان موجوداً في عهد النظام البعثي، مع عرض أنواع الواقعية الموجودة في هذه الرواية القصيرة. الهدف من هذا البحث هو عرض واقع فترة زمنية محددة، بغرض تعريف القارئ الكردي بما واجهه المجتمع الكردي من مصائب وآلام وتعذيب، وكذلك عرض سوء أحوال المرأة الكردية في هذه الفترة. في هذا البحث، تم السعي لعرض نتائج البحث من خلال عدة أسئلة منها: هل هذا العمل لبيربال واقعي؟ ما نوع الواقعية التي انعكست في هذا العمل؟ هل استطاع الروائي أن يستلهم أسماء وألقاب الشخصيات من واقع المجتمع؟ نظراً لأن البحث يتضمن كلاً من الجانبين النظري والعملي، فقد تم الاستفادة من المنهج الوصفي التحليلي. فرهاد بيربال في روايته القصيرة "الملازم تحسين وأشياء أخرى" استخدم بشكل منظم عناصر الحدث والشخصية والمكان والزمان لخلق صورة حقيقية من حياة أهل السليمانية في عهد النظام البعثي، وهذه العناصر تساعد القارئ على فهم أفضل للوضع السياسي والاجتماعي والتاريخي لتلك المرحلة.

**الكلمات المفتاحية:** الواقعية، القصة القصيرة، الملازم تحسين وأشياء أخرى، فرهاد پيربال.

**Realism in Farhad Pirbal's Novella 'Lieutenant Tahsin and Other Things**

**Hoshang Deno Merk**
Department of Kurdish Language, Colleg of Basic Education, Salahaddin University-Erbil Kurdistan Region, Iraq
hoshang.mirk@su.edu.krd

**Tanya Asad Mohammadsalh**
Department of Kurdish Language, Colleg of Basic Education, Salahaddin University-Erbil Kurdistan Region, Iraq
Tanya.mohammad@su.edu.krd

**Abstract**
This research addresses a real situation in a specific time period in the city of Sulaymaniyah through a short novel by (Farhad Pirbal), which is a realistic work that discusses the reality that existed during the Ba'ath regime era, along with presenting the types of realism found in this short novel. The aim of this research is to present the reality of a specific time period, with the purpose of introducing Kurdish readers to the misfortunes, pain, and torture that Kurdish society faced, as well as presenting the poor conditions of Kurdish women during this period. In this research, an attempt has been made to present the research results through several questions, including: Is this work by Pirbal realistic? What type of realism is reflected in this work? Has the novelist been able to derive the names and titles of characters from the reality of society? Since the research includes both theoretical and practical aspects, the descriptive-analytical method has been utilized. Farhad Pirbal in his short novel "Lieutenant Tahsin and Other Things" systematically used the elements of event, character, place, and time to create a true picture of the life of the people of Sulaymaniyah during the Ba'ath regime era, and these elements help the reader better understand the political, social, and historical situation of that phase.

**Keywords:** Realism, short novels, Mullazm Tahsin and others, Farhad Pirbal.